دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٧٦، شەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی، ٢٠ی ژوئەنی ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com

■ حیزبی دێموکرات تاوانەکانی ڕێژیمی تارانی مەحکووم کرد ٢

■ لە هۆلەند هێرش کرایە سەر ئەندامێکی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات ٢


■ خەڵکی کوردستان پشتیوانانی ڕاستەقینەی خەباتی پێشمەرگەن ٣



بە بۆنەی ٢٠ی ژوئەن ڕۆژی جیهانیی پەنابەر ٤



خووگرتن بە قەیران و لەبیر کردنیان ٦



ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون ٨



دیمانەی کوردستان (سدیق دەرویشی) ١٠

# ڕێژیم بە تۆپباران ناپارێزرێ



لە ڕۆژانی ڕابردوودا و بۆ جارێکی تر کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی تورکیە بە هاواهەنگی و بەشێوەی هاوبەش پەلاماری ناوچە سنوورییەکانی نێوان کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوریان دا. لەم هێرشە بەرفراوانەدا وەک فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕایگەیاندووە: هیچ خەسارێکی گیانی وەبەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەکەوتووە بەڵام ژینگەی ناوچەکە بە ڕێژەیەکی بەرچاو زەرەرمەند بووە.

پڕئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو لە هەوڵی داگیرکردنی هەرێمی کوردستانی باشوور لەڕووی فکری و ئایدیۆلۆژی و دیپلۆماسییەوە بووە تاکوو بتوانێ هێژمۆنی خۆی بەسەر ئەم ناوچەیەدا زاڵ بکات ؛ ئەمەش لەڕووی هێرشە میدیاییەکان و شەڕی نەرمی ڕێژیم لەم هەرێمە بەتەواوی دیار و بەرچاوە، بەڵام لەو لاشەوە بەپێی نەریتی ڕێژیمە کۆلۆنیالیستییەکان کە بۆ پێکانی ئامانجەکانی خۆیان کەڵک لە هەر دوو ڕەهەندی شەڕی نەرم و زبر وەردەگرن، ناوەبەناوە هەوڵی شێواندنی باری ئارامی و ئاسایشی ناوچەکەی داوە و ئەم دەستێوەردان و سنووربەزاندن و پێ درێژکردنەوانەی وەک کارتی گوشار لە ئاستی ناوچەیی و هەرێمی بەکار هێناوە؛ بۆیە دەتوانین بڵێین هەم تۆپبارانەکانی ئەم چەند ڕۆژە و هەمیش بەڕێوەبردنی زۆرترین مانۆڕی سەربازی لە ساڵانی ڕابردوو و هەوڵدان بۆ میلیتاریزەکردنی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەم خانەیەدا پێناسەی بۆ دەکرێ.

لەم ڕاستایەشدا کەیسی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی ڕێژیمی ئێرانەوە، کەیسێکی ئەمنیەتی بووە وهەیە و زیاتر لە ڕەواڵی پێوەندییەکی هەرە نزمی دیپلۆماسی- بازرگانی، لە بازنەی دامەزراوە ئەمنیەتییەکانی وەکوو سوپای قودس و شوورای بەرزی ئاسایشی نەتەوەیی و دەزگا سیخوڕییەکانیەوە، لە گەل هەرێمی کوردستان هەڵسوکەوتی کردووە. بەمەش ڕانەوەستاوە و دەبینین بە بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و سووریە، بە مەبەستی ڕێگری کردن لە هەرچەشنە سەرکەوتنێکی جووڵانەوەی کورد، هێزێکی زۆری سپای پاسدارانیان هێناوەتە ئەو ناوچانە و ڕۆژ نیە کەلاکی پاسدارەکانی، لە بەرەکانی شەڕی سووریە و عێراقەوە، نەگەنەوە ئێران.

جیا لەمەش ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بەسەر دۆخی شپرزی نێوخۆیی ڕێژیم دەتوانێ پاژێکی تر لەو پازڵە بێت کە ڕێژیم هەوڵ دەدات ترسی خۆی بشارێتەوە؛ سیاسەتی سەرقاڵکردنی ڕای گشتی بە پرسی لاوکی و هەوڵدان بۆ بەئەنجامگەیاندنی سیاسەتێکی گشتیتر، سیاسەتێکی نوێی ڕێژیم نییە و ساڵانێکە لەم ڕێگەیەوە هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی خەڵکانی ئێران بەگشتی و نەتەوەکانی دیکەی ناوچەی داوە.

کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا لەڕووی ڕەوایی و متمانەی گشتییەوە لەگەڵ کۆمەڵێک گرفت و کێشەی جیددی بەرەوڕوو بووەتەوە؛ هەم لە ئاستی نێوخۆیی و هەم لە ئاستی دەرەکی و ناوچەییدا پێگەی لاوازی خۆی لە دەست داوە و هەنووکە جگە لە تاقمە دەسکردەکانی خۆی هیچ وڵات و نەتەوەیەک پشتگیری لێ ناکەن، نەتەنیا پشتگیری لێ ناکەن بەڵکوو بەردەوام ئیدانەی کار و کردارە گێرەشێوێنەکانی دەکەن. بە دیوێکی تریشدا دۆخی شپرزی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مودیریەتی ڕێژیم بەتایبەت لەدوای هاتنی نەخۆشی کۆرۆنا و کوشتارەکانی خەزەڵوەر و بەفرانباری ٩٨ و خستنەخوارەوەی فڕۆکەی ئۆکراینی، تا دەهات زیاتر ڕێگای بۆ نارەزایەتییەکی بەرفراوان و گشتگیرتر خۆش دەکرد، هەروەک لە ڕۆژانی ڕابردوودا و لە چەندین شوێنی ئێران بینیمان، بەڵام بەم چەشنە کارانە و هەوڵدان بۆ نانەوەی شەڕ و ئاژاوەیەکی نوێ بەڵام کۆنترۆڵکراو هەوڵ دەدات ئاراستەی ڕوانینەکان بگۆڕێت.

ئەمەش دوابەدوای ئەوە هاتە ئاراوە کە برایان هووک نوێنەری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بۆ کاروباری ئێران ڕایگەیاند کە ڕێژیمی ئێران هیچ کاتێک وەک ئێستە لەگەڵ قەیراندا بەرەوڕوو نەبووە و هەنووکە لە بێوێنەترین قەیرانەکاندا دەست و پێ لێدەدات. ناوبراو ئاماژەی بە بچووکبوونەوەی ئابووریی ئێران و کەمبوونەوەی بەرچاوی ڕێژەی کەرتی هەناردە و دەسپێڕانەگەیشتنی ڕێژیم بە ئەرزی دەرەکی کردووە و وتوویەتی: «بەپێی دوایین ڕاپۆرتی بانکی جیهانی، ئابووریی ئێران لە پاش وێنزوێلا و لیبی لە پلەی سێهەمی خراپترین ئابوورییەکانی جیهاندایە کە تەنانەت توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی نییە و لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی هێزەکانیشیدا دۆش داماوە».

یان کاتێک کە سێ وڵاتی فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیا داوایان لە ڕێژیمی ئێران کرد وڵامی پرسیارەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی بەنیسبەت بەرنامە ناوکییەکەی بداتەوە و نیگەرانیی خۆیان لەوەیکە ئێران زیاتر لە چوار مانگە ناوڕۆکی پۆرتۆکۆلی ناوکی پێشێل کردووە و ئیزنی بە پشکێنەرانی ئەم ئاژانسە نەداوە، دەربڕیوە، ئامریکا بە فەرمی پشتیوانی لە هەڵوێستیان کرد و ڕایگەیاند کە ئەگەر ئێران پێمل بە ویستی کۆمەڵگای جیهانی نەبێت ئەوا دەبێ چاوەڕوانی هەنگاوی بەلەز و جیددی جیهانی بێت!

ڕەهەندێکی تری ئەم باسەش دەتوانێ ڕاسانی ڕۆژهەڵات بێت کە توانی ئەو ڕێژیمەی کە ساڵەها بوو بانگەشەی لەنێوچوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وخەباتی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی دەکرد، بخاتە پەلەقاژە و کۆڵەکە ڕزیوەکانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکەی وەلەرزە خست؛ بۆیە وەک چاوەڕوان دەکرا بە دڕندانەترین شێوە، بەربووە گیانی خەڵکی ڕۆژهەڵات و بە ڕەشبگیریی و زیندان و لەسێدارەدان .

## پەیڤ

### زەندەقچوونی ڕێژیمێک

**کەریم پەرویزی**

سیستمی کۆلۆنیالیستیی حاکم لە ئێران کەوتۆتە پەلەقاژەیەك کە بۆ مانەوەی دەست بۆ هەر کارێکی دوور لە لۆژیك و ئوسوولی سیاسی دەبا.

گەر سیستمێکی سیاسی جێگرتوو بێ و هیچ خەمی ڕووخان و داتەپینی نەبێ، لەبەرامبەر گرفت و کێشەکاندا زۆر قورس و قایم دەردەکەوێ و ڕەنگە هەندێ جار تەحەمولی کێشە و گرفتیش بکا، چوونکە نیگەرانیی نییە و هەست بە مەترسی ناکا؛ بەڵام گەر ڕێژیمێك شەوانە وڕێنەی ڕووخان بکا و ڕۆژانە دڵەکوتەی داتەپینی هەبێ، لە کاتە ئاساییەکانیشدا، بڕیاری زۆر ناسیاسی و دژە لۆژیکی دەدا و کێشەکان لە خۆی دەکا بە قەیران.

ڤیرووسێك هاتە نێو وڵاتی ئێران و خامنەیی لە ترسی ڕووخانی ڕێژیمەکەی شاردیەوە و دوایەش بوو بە قەیرانێکی گەورە کە ڕەوایی ڕێژیمی تەنانەت لە نێو بەسیجی و وەلایەتمەدارەکانیدا لە نێو بردووە.

هەر لەو بوارەدا بوو کە کاتێك ترسی مووشەکەکانی ئامریکا دایگرتبوو، بەپەلەپڕووزە لە فڕۆکەیەکی ئۆکراینیی دا و کردی بە قەیرانێکی گەورەتر لە خۆی.

لە کاتێکدا کە تەواوی ئێران بە دەستی کۆرۆناوە دەناڵێنێ و نەتەوەکانی ئێران ڕۆژانە مەرگی ئازیزانیان دەبینن کە کۆرۆنای دیاریی کۆماری ئیسلامی بەرۆکیانی گرتووە و ئازاریان دەدا، ئەم ڕێژیمە دووبارە کێشەکان قووڵتر دەکاتەوە.

سوپای پاسداران کە وەکوو باندێکی تێرۆریستیی مافیایی، هەموو وڵاتی تاڵان کردووە، لە ترسی مەرگی ڕێژیم، پەنا دەباتە بەر تۆپباران و مووشەکبارانکردنی کوردستان.

ڕۆژانە لە هەموو شارەکانی کوردستان هەواڵی جموجۆڵی هێزەکانی سوپای پاسداران بڵاو دەبێتەوە و بە بەرچاوی خەڵکەوە هێز و جبەخانەی سوپای پاسدارانە کە دێن و دەچن و ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان لە هێزی تێرۆریستی دەتەنن.

هەر ڕۆژە و لە گۆشەیەکی کوردستانەوە هەواڵ دێ کە هێزەکانی سوپای پاسداران یان پێش بە خەڵکی ئاسایی دەگرن و ئازار و ئەزیەتیان دەدەن یان تۆپباران و مووشەکبارانی کوردستان دەکەن.

لە زۆر شوێن سوپای پاسداران هێزەکانی دامەزراندووە و هەڕەشە لە خەڵکی ناوچە دەکا کە هاتوچووی کوێستانەکان نەکەن و لە گوندەکانی خۆیان دوور نەکەنەوە.

هەر لەو بوارەوە، هەڕەشەی زۆریان لە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# حیزبی دێموکرات تاوانەکانی ڕێژیمی تارانی مەحکووم کرد



حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوای لە حکوومەتی عێراقی فێدراڵ و هەرێمی کوردستان کرد لە بەرانبەر پێشێلکاریی سپای تێرۆریستی پاسداران بێدەنگ نەبن و هەڵوێست بگرن.

دەقی بەیانییەکە بەم چەشنەیە:

بەیانییەی مەحکوومکردن

بەیانیی ڕۆژی ١٦ی ژوئەنی ٢٠٢٠ی زایینی تۆپخانەکانی هێزە دژی گەلییەکانی سپای پاسدارانی ئێران بنکە و بارەگاکانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاخی قەندیل و سنووری ناوچەکانی حاجی عومەران، چۆمان و سیدەکانیان داوەتە بەر ئاوری تۆپخانەی قورس و کاتیۆشا باران. بەهۆی ئەم تۆپبارانە زیانێکی زۆر بە هاونیشتمانیانی ئەم ناوچەیە گەیشتووە و ماڵەکانیان وێران و خەڵکەکەی ئاوارە بوون.

ئەم تاوانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکەم جار نیە و بەردەوام بێ هیچ بیانوویەک خەریکی شێواندنی باری ئاسایشی ناوچە و ئاوارەکردنی هاوڵاتییان و زیان گەیاندنی مادی و ڕووحییە بە خەڵکی ئەو ناوچانە.

ئێمە وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تاوانەی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، داوا لە ڕای گشتی و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دەکەین کە ئەم کردەوە دژی ئینسانییەی ڕێژیم مەحکووم بکەن. هەروەها داوا لە حکوومەتی عێراقی فێدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەین لە بەرامبەر ئەم پێشێلکارییانەی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ئێران کە بە بێ هۆ هاوڵاتییان و سەروەت و سامانیان کردووەتە ئامانجی تۆپخانەکانی هەڵوێست بگرن و مەحکوومی بکەن و بێ دەنگ نەبن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای پێوەندییە گشتییەکان**
**٢٨ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی**
**١٧ی ژوئەنی ٢٠٢٠ی زایینی**

# پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات لە پارتی دێموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٦٣هەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی پارتی دێموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریە، پیرۆزبایی لەم پارتەی ڕۆژاوای کوردستان کرد.

دەقی ئەم نامەیە بەم چەشنەیە:

بەڕێز سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریە!

وێڕای سڵاوێکی گەرم و دۆستانە،

بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەبۆنەی ٦٣هەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی پارتە تێکۆشەرەکەتانەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوەی تێکۆشەر و ئەندامان و جەماوەری پارتە خەباتگێڕەکەتان دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان لە وەدیهێنانی ئامانجە سیاسی، نەتەوەیی و نیشتمانییەکانتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

بەڕێزان!

پارتی ئێوە لە ماوەی ئەم ٦٣ ساڵەدا یەکێک لە پارتە تێکۆشەرەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و دۆستێکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. کەسایەتییە دیار و سەربەرزەکانی ئێوە، بەتایبەت خوالێخۆشبوو کاک «حەمید دەروێش»، یەکێک لەو سیما ناسراوانە بوو لەم پێوەندییە نەتەوەییەدا لەگەڵ ڕێبەرانی ئێمە بەتایبەت ڕێبەری گەورەمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، پێوەندییەکی سیاسیی دۆستانەی هەبوو. ئێمە لەم بۆنە پیرۆزەدا جارێکی دیکە لەسەر پێوەندیی برایانە و دۆستانەمان جەخت دەکەینەوە و بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانتان و خەبات دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری سوریە پشتیوانی سیاسیی داخوازییەکانتانین و داکۆکی لە ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکەین.

**بەرز و پیروز بێت، ٦٣هەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی پارتە تێکۆشەرەکەتان.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای پێوەندییە گشتییەکان**

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران تۆپبارانەکانی ڕێژیمی تارانی مەحکووم کرد

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیاندراوێکدا سەبارەت بە هێرشەکانی سەر بەرزاییەکانی ئالانە لە سنووری حاجی عومەران تۆپبارانەکانی ڕێژیمی تارانی مەحکووم کرد.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنە:

جەماوەری خەڵکی کوردستان، ناوەندە سیاسییە بڕیاربەدەستەکان، ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان!

هەر وەکوو هەموو لایەک ئاگادارن لە بەرەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی جۆزەردانەوە تۆپخانەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تۆپباران و کاتیوشابارانی بەرزاییەکانی «ئالانە» لە ناوچەی حاجی عومەران لە سنووری نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانیان دەست پێکردووە.

هەرچەندە ئەوە یەکەم جار نییە کە ئێران بە بیانووی لێدانی هێزە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمەکەیان بە تۆپخانە و هێزی مووشەکی و هەوایی سنووری عێراق و هەرێمی باشووری کوردستان دەبەزێنێ، بەڵام ئەمجارەیان ڕێک دوای کۆبوونەوەی هاوبەشی وەزیرانی دەرەوەی ئێران و تورکیە لە ئانکارا ئەم هێرشانە دەستی پێکردووە و هەتا ئامادەکردنی ئەم ڕاگەیەندراوە پەلامارەکان هەروا درێژەیان هەیە. کۆماری ئیسلامی جگە لە بەردەوامیی تۆپبارانەکەی بە مەبەستی لێدانی بنکەی حیزبە کوردییەکانی دژبەری خۆی، هێزێکی زۆری پڕچەکیشی بە درێژایی سنوورەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بە گشتی و ئەو ناوچەیە بە تایبەتی کۆ کردووەتەوە و ئەگەری بەزاندنی سنوور لە ئارا دایە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لەو تۆپباران و هێرشانەدا زەرەر و زیانێکی زۆری ماددی بەر جووتیاران و کوێستانچییەکان و دانیشتووانی ئەو ناوچانەش کەوتووە. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای شەرمەزارکردنی هەرچەشنە سنووربەزاندن و هێرشێک بۆسەر حیزبەکانی کوردستان داوا لە ناوەندە سیاسییە بڕیاردەرە نێودەوڵەتییەکان و ناوەندەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ دەکا لەبەرانبەر ئەو هێرشانەدا بێ‌هەڵوێست نەبن و بۆ پاشەکشە بەو هێرشانە دەنگ هەڵبڕن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەروەها داوا لە بەرپرسانی دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەکا کە لە بەرانبەر ئەو دەستدرێژییانەدا بۆ سەر وڵاتەکەیان، نارەزایەتی دەرببڕن و داوا لە کۆماری ئیسلامی بکەن کە ڕێز لە سەروەریی وڵاتەکەیان بگرێ.

هەموو ئەو هێرشانەی سپای پاسداران لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی خۆیدا دەیان قەیرانی گەورە بەرۆکی گرتووە و لەبەر گەندەڵیی بەرفراوانی بەرپرسانی سیاسی و نیزامی و قەزایی ڕێژیم، توانایی ڕاپەڕاندنی ژیان و گوزەرانی ئاسایی خەڵکیان نییە و داهاتی ئەو وڵاتە خەرجی ئەو شێوە پەلامارە تێرۆریستییانە و یارمەتیی گرووپە تێرۆریستییەکانی دەستپەروەردەی ڕێژیم لە ناوچە دەکرێ و بەو هێرشانە هەوڵ دەدەن قەیران و کێشەکانیان بشارنەوە. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەو هێرشانە جارێکی دیکە ڕادەگەیەنێت کە باشترین و تەنیا ڕێگاچارە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ڕێگەچارەی سیاسییە و پەنابردنە بەر هێرشی سەربازی تەنیا دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکا و تێچوویەکی قورسی بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە بەدواوە دەبێ. هەروەها مێژوو سەلماندوویەتی ئەو جۆرە هێرش و پەلامارانە گەلی کورد لە تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان دڵسارد ناکاتەوە.

بە هیوای یەکگرتوویی زیاتری تێکۆشەران و خەباتکارانی گەلەکەمان.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٨ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی**
**١٧ی ژوئەنی ٢٠٢٠ی زایینی**

# لە هۆلەند هێرش کرایە سەر ئەندامێکی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات




ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩ی ژووئەنی ٢٠٢٠ی زایینی، لە هۆلەند بە چەقۆ هێرش کرایە سەر هاوڕێ «سادق زەرزا»، کەسایەتییەکی دڵسۆز و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

کەسێک بە ناوی «ڕ. پ» خەڵکی شنۆ کە گوایە بۆ خوێندن و دەورەی پسپۆڕیی پزیشکی لە هۆڵەند بووە، پێوەندیی بە هاوڕێ «سادق زەرزا» دەکات و داوای چاوپێکەوتن و ڕێنوێنیی لێ دەکات. کاک «سادق زەرزا» کە دەڕواتە شوێنی چاوپێکەوتنەکە و بە دەستە گوڵێکەوە دەچێتە لای، کەسی ئاماژەپێکراو بە چەقۆ هێرش دەکاتە سەری و چەند چەقۆ لە سینگ و لەشی کاک «سادق» دەدات.

کەسە هێرشبەرەکە لەلایەن پۆلیسی هۆلەندەوە دەسبەسەر کراوە.

هاوڕێ «سادق زەرزا» چەند دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و لە کادرە دڵسۆز و بەناوبانگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و بە خۆی و بنەماڵەی تێکۆشەریەوە خزمەتێکی زۆریان بە جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کردووە.

بە هیوای هەرچی زووتر چاکبوونەوەی هاوڕێ «سادق زەرزا».

ئەو کەسەی هێرشی کردووەتە سەر هاوڕێ «سادق زەرزا»، لەژێر لێکۆڵینەوەی پۆلیسی هۆلەنددایە و لە هەرجۆرە زانیارییەکی زیاتر و هەر ئاکامێک کە پۆلیسی هۆلەند ڕایبگەیەنێت، بینەران و خوێنەرانی ئازیز ئاگادار دەکەینەوە.

# کۆبوونەوەی UNPO بە بەشداریی نوێنەری حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٧ی جۆزەردان ، کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان (UNPO)، بە بەشداریی دوکتور «عەلی عەبدیلزادە»، جێگری بەشی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەری حیزبی دێموکرات لەم ڕێکخراوەدا، بەڕێوە چوو.

سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیە بە پەسەندکردنی بڕیاری کاریی کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد و پاشان سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان ڕاپۆرتی شەش مانگی ڕابردووی خۆی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. لەم ڕاپۆرتەدا، باس لە پێگەی ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان لە ئاستی جیهانیدا و باسێکی گرینگ لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس کرا.

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان چەندین چالاکیی گرینگی لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری لەسەر پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەڕێوە بردووە. لە بڕگەیەکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا، سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان تیشکی خستە سەر کار و چالاکییەکانی یەک ساڵی ڕابردووی ڕێکخراو کە دوای تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە پەسند کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا، ڕاپۆرتی ماڵی، لەلایەن سکرتارییەتی ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکانەوە پێشکەش بە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی کرا. بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکە بۆ باسکردن لەسەر داواکاریی ئەندامەتیی چەند لایەن لە ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان و بەرنامە دارشتن بۆ کۆنگرەی داهاتووی ڕێکخراو، تەرخان کرابوو.

# دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات بۆ مەحکوومکردنی تۆپبارانەکانی ڕێژیمی ئێران گەردەلوولێکی تویتێری بەڕێوە برد

دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەردەلوولێکی تویتێری بۆ مەحکوومکردنی دەستدرێژی و هێرشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و تۆپبارانکردنی کوێستانەکانی کوردستان، بەڕێوە برد.

مەبەست لەو گردەلوولە تویتێرییە، گەیاندنی دەنگی خەڵکی کوردستان بە کۆمەڵگای جیهانی بوو.

ئەو گردەلوولە تویتێرییە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ جۆزەردان کاتژمێر ٢٣:٠٠ بە کاتی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کاتژمێر ٢١:٣٠ بە کاتی هەرێمی کوردستان و کاتژمێر ٢٠:٣٠ خولەک بە کاتی ئورووپای ناوەندی بەڕێوە چوو.

# خەڵکی کوردستان پشتیوانانی ڕاستەقینەی خەباتی پێشمەرگەن

**لە ڕۆژانی ڕابردوودا خەڵکی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەری کوردستان بە ئەنجامدانی زنجیرە چالاکییەکی بەرینی تەبلیغی وێڕای دەربڕینی نفرەت و بێزاری خۆیان لە داگیرکەرانی کوردستان پشتیوانی هەمەلایەنەی خۆیان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەباتی ئازادیخوازانەی دەربڕی.**






ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاوایی «تەنگیسەر» سەر بە ژاوەرووی سنە بە نووسینی دروشمی ‹›بژی کورد، ڕاسان بەردەوامە›› پشتیوانی خۆیان بۆ حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە. لەو چالاکییەدا تێکۆشەرانی دێموکرات ئامادەیی خۆیان بۆ بەجێگەیاندنی هەر بڕیارێکی حیزبی دەربڕی.


چەند ڕۆژ دواتر و بۆ جاری دووهەم لە گوندەکانی «گەلێن» و «تەنگیسەر» سەر بە ژاوەرۆی سنە، بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. قارەمانانی دێموکرات بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و کێشانەوەی ئارمی زێڕینی حیزب، وەفاداری و ئەمەگناسیی خۆیان لە هەمبەر ئارمان و ئامانجی حیزبەکەیان نیشان دا.

تێکۆشەران لەو چالاکییەدا بە نووسینی دروشمی «بژی حدکا»، «سڵاو لە قازی، قاسملوو» و «یەکگرتن ڕەمزی سەرکەوتنمانە»، پشتیوانیی خۆیان بۆ حیزبەکەیان دووپات کردەوە. هەروەها بە نووسینی دروشمی: «چاوەڕێی فەرمانین»، ئامادەیی خۆیان بۆ بەجێگەیاندنی هەر ئەرکێکی حیزبی دەربڕی. هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە چیاکانی «گەزگەسک»ی پیرانی پیرانشار چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو چالاکییانە لە چەند شوێنێکی شاخانەکانی ‹›گەزگەسک›› بەڕێوە چووە کە تازە سپای تێرۆریستی پاسداران بنکە و مۆڵگەی تێدا جێگیر کردووە. تێکۆشەرانی حیزب لەو چالاکییەدا بە دروشمی ‹›بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» پشتیوانیی خۆیان لە حیزب دووپات کردەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە بۆکان لە سێڕێیانی فەلەکەی «ئازادگان›› کە جادەی ئەسڵی لە نێوان پارێزگاکانی ‹›تەورێز›› و «سنە»یە و ئوتووبووسی شارەکانی دیکە بە ئەوێدا تێپەڕ دەبێت، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەندامانی حیزبی دێموکرات زیاتر لە ٥٠٠ سی‌دیی حیزبی و بەتایبەت وتوویژی دوکتور قاسملوو لەگەڵ «عینایەت فانی»یان بە موسافیرانی ئوتووبووسەکان داوە.




هەروەها ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی جۆزەردان، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چالاکییەکی بەریندا و بە بڵاوکردنەوەی وەسیەتنامەی شەهید «پیشەوا قازی» و دروشمگەلی وەک: «بژی حیزبی دێموکرات و سەرکەوێ ڕاسان» و بڵاوکردنەوەی سی‌دیی ڕێوڕەسمی نەورۆزی ٩٤ لە شاخەکانی کوردستان، بیر و فکری دێموکراتیکخوازانەی حیزبەکەیان لەنێو خەڵکی ئەو شارەدا بڵاو کردەوە. ئەو شوێنانەی کە چالاکییان لێ ئەنجام درابوون بریتین لە: «بناری تەرەغە، نێو باخەکانی سەدرئاباد، باخەکانی ئینگیج، بلواری ئازادگان، سێڕێیانی خاوەران، شەقامی سەید شوکرە، شەقامی سیلوو، شەقامی دوکتور قاسملوو تا شارەکی فەرهەنگییان و میراوای بۆکان».




ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگای چالاکییە تەبلیغییەکانەوە پەیامی ئازادیخوازیی خۆیان بە خەڵکی نیشتماندۆست و خەباتدۆستی کوردستان دەگەیەنن.

پشتیوانیی تێکۆشەران و دڵسۆزانی دێموکرات جیا لە شارەکانی کوردستان باقی شارەکانی ئێرانیشی گرتۆتەوە و لە نویترین چالاکیدا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ‹›مازندەران›› بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و تێیدا بە نووسینی دروشمی ‹›بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بژی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران›› وەفاداری خۆیان بە ڕێبازی شەهیدان دووپات کردەوە. تێکۆشەرانی دێموکرات ئەو دروشمانەیان لە ماشینی هێزی ئینتزامیی ڕێژیم داوە.




وەک هەمیشە ژنانی دەروەستی کوردستانیش لەم هەڵوێستە بە لە هە نگا نە د ا بەشدار بوون؛ ژنانی پێشەنگ، لە نییەری کا کێشا نی شەهیدان و مەکۆی دێموکراتەوە بە چوونە سەر گڵکۆی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێگا و ڕێباز و ئامانجەکانیان دووپات کردەوە. ژنانی دەروەست و وەفادار بە ڕێبازی هەرمانی شە هیدا ن لەسەر گڵکۆی شەهیدان ئاڵای پیرۆزی کورستانیان هەڵکرد و بە خوێندنەوەی سروودی تایبەت بە شەهیدان خۆیان بە درێژەدەری ڕێگای شەهیدان زانیوە.



لە شنۆی حەماسە و باوەڕیش دڵسۆزانی گەل و حیزب بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات و خەباتی پێشمەرگە دەربڕی. ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی خەزەڵوەر، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی بە ئەنجامدانی چالاکییەکی تەبلیغی پشتیوانییان لە ڕاسان و حیزبی دێموکرات کرد. ئەندامانی حیزب لەو چالاکییەدا بە دانانی ئاڵای کوردستان، لۆگۆی حیزبی دێموکرات و بڵاوکردنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» ڕێباز و ئامانجی حیزبەکەیان بەرز نرخاند.

پاش تۆپبارانەکانی ڕیژیمی دژەگەلی بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی کوردستان لە حاجی ئۆمەران کە بە خۆشییەوە هیچ خەسارێکی گیانی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بەدواوە نەبوو، پێشمەرگەکانی شار لە چەند گوندێکی بۆکانەوە بۆ پشتیوانی لە پێشمەرگەکانی شاخ و مەحکوومکردنی مووشەکباران و تۆپبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. پێشمەرگە قارەمانانی شار لە گوندەکانی «پیروەلیی باغی»، «سریلاوا»، «ئاغەڵیان»، «دەوەشاری» و غەوسئاوا»ی سەر بە بۆکان بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی مووشەکباران و تۆپبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتیان بە توندی مەحکووم کرد. لەو چالاکییەدا پێشمەرگەکانی شار ڕایانگەیاندووە بە هەموو تواناماناوە پشتیوانی پێشمەرگەکان دەکەین و بۆ ڕامالینی داگیرکەرانی شان بە شانی پێشمەرگەکانمان لەسەردەستەکانمان چاوەڕێی فەرمانین. پێشمەرگەکانی شار ئەو چالاکییەیان لە کاتێکدا بەڕێوە بردووە کە هێزەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران هەموو شار و گوندەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان تەنیوە.






## درێژەی پەیف

خەڵك کردووە کە هەر جموجووڵێکی پێشمەرگەیان بینی ڕاپۆرتی بدەنەوە بە سوپای پاسداران.

قووڵتربوونەوەی قەیرانە سیاسییەکانی ڕێژیم و داتەپینی ئابووریی ئێران و توندتربوونەوەی گوشارەکان، وەها ڕێژیمی ترساندووە کە هەموو دۆڵ و بن بەردێکی کوردستانی لێ بۆتە پێگەیەکی هێزی پێشمەرگە و هەر کوردێك کە لە ڕێگاوبانەکانی کوردستاندا بگەڕێ، پێی وایە کە ئەوە پێشمەرگەیە و هێزی زۆری سوپای پاسدارانی بۆ ڕەوانە دەکا.

لە کاتێکدا کە هەموو دونیا کۆماری ئیسلامی بە مەترسی بۆ سەر جیهان و ناوچە دەناسێنێ و لە تازەترین نموونەدا، ڕاپۆرتی ئیتلاعاتیی ئاڵمان، حیزبوڵا و ئێران بە هەڕەشەی جیدیی بۆ سەر ئەمنیەتی ناوچە ناو دەبا، سوپای پاسداران لە ترس و زەندەقچوونیدا چەند ڕۆژ بەدوای یەکدا، تۆپباران و مووشەکبارانی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکا!

ئەم کردار و هەڵسوکەتانەی ڕێژیم ، نیشانەی هێز و سەقامگیریی ئەم سیستمە کۆلۆنیاڵیستییە نین بەڵکوو دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە لە ژێر گوشاری لەرادەبەدەردا، ترسی ڕووخانی ڕێژیمەکەی دایگرتووە، بۆیە هەموو کردارێکی نالۆژیکی و غەیرە سیاسی دەکا و هەموو پەلەقاژەیەکی بۆ درێژدان بە مانەوەیەتی و لەو پێناوەشدا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ، لە ژێر گوشاردا هەڵەی زۆرتر و زۆرتر دەکا و قەیرانەکانی لێ قووڵتر دەبێتەوە.

# بە بۆنەی ٢٠ی ژوئەن ڕۆژی جیهانیی پەنابەر



**جاقل**

کۆچ؛ پەنابەری؛ دوورەوڵاتی؛ غەریبایەتی؛ ئەمانە تەنیا چەند وشە و چەمک و دەستەواژەیەکی سادە و ساکار نین کە بەسەر زاردا بێن و بڕۆن! بەڵکوو هەر کام لەوانە هەڵگری دەیان و بگرە سەدان داستان و چیرۆک و تراژێدیان کە ساڵانێکە خەڵکانی جیهان پێوەی دەناڵێنن.

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، ئینسانەکان حەزیان لە خۆشبژێوی، ژیانی ئاسوودە و دوور لە کێشمەکێش و دوور لە هەڵاواردن بووە؛ بەڵام دەبینین کە ئەم لایەنە نێگاتیڤانەی ژیانی مرۆڤەکان بەردەوام بەرۆکی دادڕیون و ناچاری کردوون کە دووری لە ئازیزانیان بە گیان قبوول بکەن تا ڕۆژێک بە دیداریان شاد ببنەوە.

لە سەردەمی ئێستەدا کە حەزی مرۆڤەکان بۆ زیاتر پەلهاویشتن و دەسەڵاتی زیاتر و ڕەهاتر، زیاترچەکەرەی کردووە، دەیان میلیۆن کەس لە سەرانسەری دنیا بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک شەڕ، کێشەی ژینگەیی، هەڵاواردنی مەزهەبی و نەتەوەیی، پێشێلکردنی ماف و ... زێدی خۆیان بەناچاری بەجێ هێشتووە و لە دوورەوڵاتی و غەریبیدا ژیان بەسەر دەبەن؛ خەڵکانی بەڵالێدراوی سووریە، وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراوی ئافریقایی و ئاسیای دوور، دانیشتووانی ئەفغانستانی شەڕلێدراو و ئێرانی ژێرچەپۆکی کۆماری ئیسلامی ڕەنگە دیارترین نموونەکانی لەم چەشنە بن!

بەشێک لەوان بەو ئاواتەوە دەژین کە ڕۆژێک ژیان لە وڵات و نیشتمانەکەیاندا بگەڕێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی و ئەوانیش بتوانن ئازادانە لە زێدی خۆیان بژین و درێژە بە ژیان بدەن.

بەشێکیشیان ئەوەندە باری قورسی ژیانی ڕابردوو لەسەر شانیان بارگرانی دەکات کە ئامادە نین تەنانەت بیر لە گەڕانەوە بکەن؛ بەڵام بۆچی؟ چی وادەکات کە ئینسانەکان ماکەی ژیانی خۆیان لەبیر بکەن یان ئامادە نەبن کە تێیدا بمێننەوە؟ چ ڕازێک هەیە کە تاکێک هان دەدات تاکوو بڕواتە وڵاتێکی تر و لەوێ بگیرسێتەوە و لە دوورەوڵاتی هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی بکات؟

٧٠ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار کەس! ئەمە دوایین سەرژمێری و ڕاپۆرتی کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانە لەو کەسانەی کە بەهۆی نەبوونی ئەمنیەت و هەژاری زێدی خۆیان بەجێدەهێڵن. ١٠ میلیۆن کەس لەم حەشیمەتە خاوەنی هیچ شوناسێک نین و سەر بە هیچ نەتەوەیەکی خاوەن دەسەڵات نین؛ ٤٠ میلیۆن کەسیان ئەو ئاوارانەن کە لە وڵاتی خۆیاندا وەدەر نراون! ٢٥ میلیۆن و ٤٠٠ هەزار کەسیشیان شەڕلێدراوانێکن کە بە ناچاری ژیان لە وڵاتێکی تریان هەڵبژاردووە؛ لەم ڕێژەیە تەنیا ٢٠ میلیۆن کەسیان لە ژێر چەتری پشتیوانییەکانی کۆمیسارییادا جێیان گرتووە.

لە هەر چوار چرکەدا کەسێک ناچار دەبێ زێدی خۆی بەجێ بهێڵێ؛ لە هەر ١١٠ کەس یەک کەس بەدوای وەرگرتنی مافی پەنابەرییە؛ ٨٥٪ی پەنابەران لە وڵاتانی جیهانی سێهەمەوەن؛ ٢ لەسەر ٣ی پەنابەران خەڵکی ئەم وڵاتانەن: سوریە، ئەفغانستان، سوودان، میانمار، سومالی و ئێران؛ ٥٢٪ی پەنابەران کەسانی خوار ١٨ ساڵن؛ لەم خێڵە بەرفراوانەدا زیاتر لە ٣ میلیۆن کەس لە هەوڵی وەرگرتنی مافی پەنابەری لە وڵاتێکی دووهەم یان سێهەمن؛ هەوڵێک کە زۆر جار لەگەڵ کوژران، خنکان یان چەندین مانگ مانەوە لە شەقامەکان و نێو خێوەت و کانێکسەکان کۆتایی پێدێت! ئامارێک کە لووتکەی قەیرانێکی مرۆیی دەردەخەن و وایان کردووە کە ٢٠ی ژوئەن ببێتە بۆنەیەکی نێونەتەوەیی بۆ پشتیوانی و پشتگیری و هاوخەمی لەگەڵ ئەو پەنابەر و ئاوارانە و هەروەها هەوڵێکە بۆ دووبارەگەڕاندنەوەی ئاسایش و ئارامی لە وڵاتەکەیاندا!

مافی پەنابەران و شەڕلێدراوان

ساڵی ١٩٥١، کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی پەنابەران لە ژێنێڤ پەسند کرا کە ١٣٨ وڵاتی واژۆیان کرد؛

لە بەندی یەکی ئەم کۆنوانسیۆنەدا باس لەوە کراوە کە کەسانێک مافی پەنابەرییان هەیە کە بەهۆی نژاد، مەزهەب، باوەڕێکی نەتەوەیی، بەستراوەیی و پێڕەوەی کردن لە گرووپێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی یان بەهۆی هەندێ باوەڕی سیاسییەوە گوشاریان لەسەر بێ و لە زێدی خۆیاندا خاوەنی ئەمنیەتی گیانی، کۆمەڵایەتی و مافی یاسایی نەبن.

وڵاتانی پێبەند بەم کۆنوانسیۆنە دەبێ ئەم مافانە بۆ پەنابەران لەبەرچاو بگرن: مافی کار، مافی خوێندن، مافی سەرپەنا و پەسێوگە، مافی کەڵکوەرگرتن لە یارمەتی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، مافی ئازادی دین، مافی دەسپێڕاگەیشتن بە دادگا، مافی هاتوچۆکردن لە نێو وڵاتی خانەخوێ و مافی هەبوونی بەڵگەنامەی ناسنامەیی.

نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٢٠ی ژووەنیان وەکوو ڕۆژی جیهانیی پەنابەر دیاری کرد و کۆنوانسیۆنی تایبەت بە مافی پەنابەرانیشیان بە ناوی «UNHCR» دامەزراند.

دیارە هاوکات لەگەڵ دیاری کردنی ئەم ڕۆژە جیهانییە، هەر لە لایەن کۆنوانسیۆنەوە هەندێك پێوەر و پێناسەی تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ پەنابەر لە جیهاندا هاتنە ئاراوە، بەو مانایە کە بە پێی پێناسەی کۆنوانسیۆن پەنابەر بە کەسێك دەڵێن کە بە هۆی جیاوازی ڕەگەزی، مەزهەبی، نەتەوەیی و یا خود ئەندامەتی لە گرووپ یان پارتێکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی، ڕوو لە دەرەوەی وڵاتی خۆی دەکا و بە هۆی ترس لە ئازار و ئەشکەنجە و تەنانەت کوشتن، ڕازی بە گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی نابێت.

لە بەرامبەر ئەوەشدا ئەرکی سەر شانی هەموو وڵاتانی ئەندام لە کۆنوانسیۆنی تایبەت بە پەنابەرانە کە، بە پێی یاسا و ڕێنماییەکانی خۆیان مۆڵەتی مانەوەی بەردەوام واتە «ئیقامە» بدەن بە خوازیارانی پەنابەری بۆ ئەوەی کە، بتوانن بە گەلێك مافی ئینسانی و شارۆمەندی وەکوو ئازادی ڕادەربڕین و خوێندن و نووسین و ئازادی هاتووچۆ و کاری فەرمی و مافی خۆپاڵاوتن و دەنگدان و ...هتد بگەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بنەمایانە کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێك لەو وڵاتانەیە کە کۆنوانسیۆنی تایبەت بە پەنابەرانی واژۆ کردووە، بەڵام دەبینین کە ڕەچاوکردن و پابەندبوون بە مادده و بەندەکانی کۆنوانسیۆن لەو وڵاتەدا، لە نزمترین ئاستی خۆیدایە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە بارودۆخی پەنابەرانی ئەفغانی لە ئێراندا بکەین کە لە خراپترین بارودۆخی مومکینی ژیاندا دەژین و تەنانەت، لە سەرەتاییترین مافەکان وەك خوێندن و خۆراك و پەروەردە بێبەشن و ڕۆژانەش هەواڵی لەسێدارەدان لە ژێر ناوی جۆراوجۆر و بازرگانیکردن بە ژن و منداڵی پەنابەر لە ئێران، سەردێڕی زۆربەی میدیا نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەم وڵاتەیە.

کۆماری ئیسلامی لە درێژەی داهێنانە تیرۆریستییەکانی خۆیدا، دوای ڕاهێنانیان لە بواری سەربازیی و شەڕکردندا، پەنابەرانی ئەفغانی بە مەبەستی کاری تیرۆریستی و عەمەلیاتی خۆکوژی (ئینتیحاری)، ڕەوانەی وڵاتی سووریە دەکات و تا ئێستە دەیان کەس لەم پەنابەرانە لە وڵاتی سووریە و ولاتانی دیکەی ناوچە، بوونەتە قوربانی زێدەخوازییەکانی ڕێژیم؛ تەنانەت کار گەیشتۆتە جێگایەك کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سپای تێرۆریستیی پاسداران لەوپەڕی دڕندەیی خۆیدا و لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی کۆلۆنیالیستی و فاشیستی خۆی وێڕای ئازاردانی کۆمەڵێک هاووڵاتیی ئەفغانی ئەوانی ناچار کردووە کە بپەڕێنە نێو ڕووباری هەریروود و ئەوانیان خنکاند.

یان هەر لە چوارچێوەی ئەم کردەوە فاشیستی و دژەمرۆڤانەیەدا هێزی بەناوئینتزامی ڕێژیم لە یەزد پەلاماری ماشینی چەند هاووڵاتییەکی ئەفغانی دا و پاش دەسڕێژ لێیان لانیکەم ٣ کەس گیانیان لەدەست دا و چەندین کەسی تریش بریندار بوون.

خاڵی سەرەکی و جێگای سرنج ئەوەیە کە وڵاتی ئێران بە هەموو نەتەوە و ئایینەکانییەوە، سەرەڕای ئەو ژێرخانە ئابوورییە دەوڵەمەندە کە هەیەتی، بە هۆی سیاسەتی چەوتی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی تاران لەمەڕ هەوڵە شۆڤێنییەکانی بۆ ئاسمیلەکردنی نیژادی و فەرهەنگی نەتەوەکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران و هەروەها بە هۆی دارمانی ئابووریی وڵات و سەرکوتی بێ بەزەییانەی جیابیران، یەکێك لەو وڵاتانەیە کە خەڵکەکەی زۆرترین ڕێژەی پەنابەر بەرەو دەرەوەی سنوورەکانی خۆی و بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەڕێ دەکات یان باشترە بڵێین ناچاریان دەکات تاکوو ئێران جێ بهێڵن و ڕوو لە هەندەران بکەن کە بەشێک لەم دیاردە بەناوی هەڵاتنی مێشکەکان دێتە ئاراوە و دەکرێ هۆکارگەلی جۆراوجۆری بۆ بهێنینەوە؛ وەك پەرەسەندنی مادەهۆشبەرەکان، نەبوونی ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان، گەندەڵی سیاسی و ئابووری و ئیداری، هەڵاواردنی سیستماتیک، نادادپەروەری، نەبوونی هەلی کار، گرانی و داهاتی کەم، سەقەت بوونی سیستمی پەروەردە و گەلێك هۆکاری دیکە.

ئەمانە بوونەتە پاڵنەرگەلێکی حاشاهەڵنەگر کە هێزی شارەزا و پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامە یان بە واتایەکی تر «مێشکەکان» کە سەرمایە و گارانتی دوارۆژی وڵاتن، بۆ بژیوی ژیان و خۆنیشاندان و وەگەڕخستنی تواناکانیان، ڕوو لە وڵاتانی پێشکەوتوو بکەن. بێگومان ئەمەش کارەساتێکە کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، شارەزایانی کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی هۆشدارییی ئەوەیان دا کە دیاردەی هەڵاتنی مێشکەکان، جیا لەوەی دەبێتە هۆی لەدەستچوونی هێزی کارامە و پسپۆڕ کە دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگ لە پەروەردە و پسپۆڕ بارهێنانی نەوەکانی دوای خۆیان ببینن، دەبێتە هۆی زیان و زەرەری زۆری ماددی کە ئاسەوارەکانی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەسەر جەستەی ئابووریی وڵات دەمێنێتەوە.

**لە سەردەمی ئێستەدا کە حەزی مرۆڤەکان بۆ زیاتر پەلهاویشتن و دەسەڵاتی زیاتر و ڕەهاتر، زیاترچەکەرەی کردووە، دەیان میلیۆن کەس لە سەرانسەری دنیا بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک شەڕ، کێشەی ژینگەیی، هەڵاواردنی مەزهەبی و نەتەوەیی، پێشێلکردنی ماف و ... زێدی خۆیان بەناچاری بەجێ هێشتووە و لە دوورەوڵاتی و غەریبیدا ژیان بەسەر دەبەن؛ خەڵکانی بەڵالێدراوی سووریە، وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراوی ئافریقایی و ئاسیای دوور، دانیشتووانی ئەفغانستانی شەڕلێدراو و ئێرانی ژێرچەپۆکی کۆماری ئیسلامی ڕەنگە دیارترین نموونەکانی لەم چەشنە بن!**

**وڵاتی ئێران بە هەموو نەتەوە و ئایینەکانییەوە، سەرەڕای ئەو ژێرخانە ئابوورییە دەوڵەمەندە کە هەیەتی، بە هۆی سیاسەتی چەوتی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی تاران لەمەڕ هەوڵە شۆڤێنییەکانی بۆ ئاسمیلەکردنی نیژادی و فەرهەنگی نەتەوەکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران و هەروەها بە هۆی دارمانی ئابووریی وڵات و سەرکوتی بێ بەزەییانەی جیابیران، یەکێك لەو وڵاتانەیە کە خەڵکەکەی زۆرترین ڕێژەی پەنابەر بەرەو دەرەوەی سنوورەکانی خۆی و بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەڕێ دەکات یان باشترە بڵێین ناچاریان دەکات تاکوو ئێران جێ بهێڵن و ڕوو لە هەندەران بکەن**

# ڕێژیمی ئاخوندی ئێران ناتوانێ خۆی لە قەرەی ئیسرائیل بدات



محەممەد سلێمانی

ڕێژیمی دژی ئازادی و مافە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی گەلانی ئێران، واتە دەسەڵاتی ستەمکارانەی ئاخوندی بەگوێرەی سەرچاوە هەواڵگرییەکانی نزیك لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، خەریکە بە پاڵپشتی و هاوکاری حیزبوڵای لوبنان و گرووپە تیرۆریستییەکانی نزیکیان، خۆی بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل ڕێك دەخات و بۆ ماوەیەك دەبێت لە ژێر بەهانە و بیانووی تردا هێزەکانی لە سووریە دەگوازێتەوە بۆ شوێنی نادیار و هیچ بە دوور نییە بە ڕێگای نهێنیدا ڕەوانەی نێو خاکی لوبنانیان نەکات. هەر چەندە ئەو بابەتێك شتێك نییە کە دەسەڵاتی ئاخوندی ئێران، لانیکەم لە دۆخێکی وەك ئێستادا بڕیارێکی لەو چەشنە سەرشێتانەیە بدات و هەڵەیەکی تری سیاسی و مێژوویی دووبارە بکاتەوە و، ئەگەر تۆزێك بۆ دواوە بگەڕێینەوە و چاوێك بە ڕووداوەکانی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان بەغدا و تاراندا بگێڕین، بێگومان ئەو ڕاستییە باشتر ڕوون دەبێتەوە کە کۆمەڵگای ئێران هێشتا بەتەواوی پشتی لە ژێر کاریگەری وماڵوێرانییەکانی ئەو شەڕەدا لەگەڵ حکوومەتی سەدام حوسێن، نەیاری بەرچاوی ڕێژیمی ئاخوندی بەتەواوی ڕاست نەکردۆتەوە و ئابوورییەکی بەتەواوی داڕماو و وڵاتێك کە شەکەتی و برسیەتی و هەژاری وەك مۆتەکە سواری شان و ملی هەژاران و خەڵکەکەی بووە، بێگومان لە دەسەڵاتیدا نابێت کە خۆی دووچاری ژانەسەرێکی تری لەو جۆرە بکاتەوە و وڵات بە جارێك بەرەو لەنێوچوون و هەڵگەڕانەوەی خەڵك لە خۆیان بکەن و دەرفەتی شیاو بۆ دژبەرەکانیان پێك بێنن کە هێرش بکرێتە سەر ئامانج و پێگە سیاسی و سەربازییەکانیان لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێوخۆیی وڵاتدا. ئەو بژاردەیەی تاران تەنیا خۆی لە چوارچێوەی قسە و «گوفتاری بێ کردار»دا دەبینێتەوە و خۆشیان زۆر باش ئەو ڕاستییە دەزانن کە بڕیارێکی ئەوتۆ بە سوودیان نابێ و ڕێژیمی تاران کە بە تەواوی لە ژێر گوشاری سیاسی و ئابووری و هەتا لە ڕووی سەربازیشەوە لە سەر سنوورە ئاوی و وشکانییەکانی بەتەواوی گەمارۆ دراوە و، بە هەڵکوتانە سەر ئیسرائیل و بەرپاکردنی شەڕ، ئەو دەرفەتە بە نەیارەکانی دەدات کە بەگشتی بە دژی جوولە بە هێزەکانیان بکەن و هێرش بکەنە سەر دەسەڵاتی ئاخوندی. بێگومان تاران ناتوانێ بەو بارودۆخەی کە هەیەتی بتوانێ شەڕی ڕووبەرووی تەلەبی بکات، چوونکی بە درێژای قەیرانی سووریە و چالاکیەکانی ئێران لەو وڵاتە و نزیك بوونەوەیان لە سەر سنوورەکانی ئیسرائیل، بە ئامانج گیراون و لە ڕووی سەربازیەوە زیانیکی گەورە بە هێزە نیزامیەکانی ئێران گەیشتووە و نەیان توانیووە تەنانەت بۆ جارێکیش بێ، بەرگری لە خۆیان بکەن و خۆیان لە هێرشە لە ناکاوەکانی ئیسرائیل بپارێزن. ئەگەر بێت و دەسەڵاتی تیرۆریستی ئاخوندی خۆی بخاتە دۆخێکی ئەوتۆ و بەدوای کڵاوی بابردوو بکەوێ و بە تەمای حیزبوولای لوبنان شەڕی گەورەترین و بەهێزترین هێزی ناوچەیی بکات، لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش لە سەر ئاستی نێوخۆییدا، تووشی سەرئێشە و شکانی گەورە دەبێت و ئەگەر بە وردی سەرنج بخەینە سەر بارودۆخی سیاسی و ئابووریی ڕێژیمی ئاخوندی بە شێوەیکی تر لێکدانەوەی ئەو ڕووداوە بکرێت و میزانییەی ئابووری و متمانەی خەڵك لە حکوومەت بە باشی تێ بگەین، ڕێژیمی ئیسلامی ئێران وەک دەیەی شەست بە سێحری جادووی لاوانی وڵاتی بە کلیلەوە پێ ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ ناکرێ و ئەو وشیارییە سیاسی و نەتەوەییە بەدی دەکرێ کە گەلانی وڵات بەتەواوی لە دەرفەت دەگەڕێن بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە بەتەواوی لە حوکمڕانی بەسەر چارەنووسیاندا بسڕنەوە.

ئەو وشیارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بە خۆشییەوە هەیە کە ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران بەر لە هەر کارێك و هەڵوێستێك بیر لە داهاتوو و ئاسایشی سیاسی و مافی نەتەوەیی و بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان دەکەنەوە، کە لە سایەی تاراندا لە هەموو جۆرە شادی و ئاسوودەییەك بێبەری کراون و دەمێکە بڕیاری ڕوخاندنی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی تارانیان داوە و لە دەرفەتی زێڕین دەگەڕێن کە بە ئامانجەکانیان بگەن و کوا شەڕ لە پێناوی مانەوە و بەهێزبوونیدا دەکەن! لە سێبەری ڕێژیمی دژی گەلی ئاخوندیدا، ڕۆژ نییە بە پۆل لاوانی ئازایخواز و جیابیر لە سەرانسەری وڵات، لەسێدارە نەدرێن یان بڕیاری درێژمەودای بەندیخانەیان بۆ نەبڕێتەوە و بۆ ئەبەد لەکەس و کاریان دایان نەبڕینن. کەچی حکوومەتی ئاخوندی خۆی بە مافناس و پارێزەری خەڵکانێك نیشان دەدات کە وەك مرۆڤ مافیان پارێزراوە و بە هۆی نەتەوەیی و شوناسی جیاوازیانەوە ستەمی سیاسی و هەڵاوارنیان لە ئەمریکا لەسەر نییە و برسی و هەژار ناکرێن. ئەگەر دەسەڵاتی زاڵ بەسەر ئێران تەنیا تۆزێك ویژدان و هەست و بیرکردنەوەی هەبوایە، لە جیاتی ئەو یەك دوو قسە بێ کەڵك و بێ سەمەرانەیان، تۆزێك بەخۆیاندا هاتبانەوە و چاوێکیان بەکردەوە دژی گەلی و نامرۆڤانیەکانی خۆیاندا گێڕابا، زۆر شیاوتر لەو هەڵوێستەیان دەبوو بە هۆی ڕووداوی کوژرانی جۆرج فلۆید هاوخەمی یان بە گەلی ئەمریکا گەیاند . پاشان با تۆزێك لەسەر ئەو خاڵە جەوهەرییە و هەڵوێست و کردارە بەتەواوی ناتەباکانی حکوومەتی ئاخوندی قسەیەك بکەین و لە خۆیان ئەوە بپرسین. پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆیان بکرێ کە لەسەر ئەساسی چ پێوەر و میکانیزمێکی ئەخلاقی و ویژدانی ئیدانەی کارێك دەکەن کە لە کاری ڕۆژانەی ئێوەدا بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو؟ بێگومان وەك پێوەرێکی سیاسی و ئەخلاقی حکوومەت و دەسەڵاتێك دەتوانێ کردەوەیەکی لەو چەشنە ئیدانە بکات و سەرکۆنەی بکات، کە خۆی بەتەواوی ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان بگرێ و بەشێك لە سەرکوت و ستەمی سیاسی و نەتەوەیی وڵاتەکەی خۆی نەبێت. کاتێك حکوومەتی ئاخوندی خۆی سیاسەتی سەرکوت و ستەمی سیاسی و نکۆڵیکردن لە مافی سیاسی گەلی کورد و گەلانی تری وڵات پەیڕەو دەکات، چۆن خەڵك و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی باوەڕ لەسەر ئەو هەڵوێستەیان هەڵدەچنن. بەدرێژایی کێشەی عەرەب و ئیسرائیل، ئێران بە کانالی جیاجیادا دژایەتی هەنگاوەکانی ئاشتی و تەبایی لە نێوان فەلەستین و حکوومەتی ئیسرائیل کردووە و بەردەوام بۆ تێکدانی ئارامی هانی گرووپە توندئاژۆکانی داوە و بۆ ئەوەی تەگەرە بخەنە بەردەم پڕۆسەی ئاشتی و ئاڵۆزی بخاتە نێوانیان و ناکۆکییەکان زیاتر بەرەو قوڵبوونەوە بەرێ و لە ئاڵۆزییەکانی نێوانیان بە سوودی خۆی ڕێکێف لە ئەسپی خەیاڵی هیلالی شیعەی بدات و کۆنترۆڵی ئەو گەروە سیاسی و ستراتیژییانە بکا، بۆ ئەوەی لەوێوە پاشەکشە بە نەیارەکانی خۆی لە سەر ئاستی ناوچەییدا بکات. ئەو خەیاڵەی تاران کیسەی بۆ هەڵدرووە دەمێکە لە پێناویدا سامانی گشتی وڵات بە هەدەر دەدا و تا ئەمرۆش دروێنەی سوودەکەی نەکردووە، جگە لە برسیکردنی خەڵك و وێران و کاولکردنی کەرتی ئابووری و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی پێکهاتەی کۆمەڵگای وڵات نەبێت. هێزە هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا زۆر بەباشی خۆیان خزاندۆتە نێو دەزگای موخابەراتی حکوومەتی ئاخوندی و لە سەر جوولەی هێزەکانی ئێران زانیاریان پێدەگا و ڕێژیمی ئاخوندی بەو کارە بەتەواوی نیگەرانە و خەم دایگرتوون و تەنانەت خەریکە لە سێبەری خۆیان بە گوومان دەکەن و کاتێك قاسم سلێمانی بە سانایی لە بەغدا هێرشی کرایە سەر و لەنێوبرا، یەکێك لە کەسە نزیك و باوەڕپێکراوەکانی گەورەتیرۆریستی تاران لە سەر جوولەکانی سلێمانی زانیاری بە « موساد و سیا « گەیاندووە، کاتی لەنێوبردنی دڕندە و تیرۆریستی حکوومەتی ئاخوندی. دەسەڵاتی تاران لە کاتێکدا خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ وڵاتێکی بەهێز و نەیاری تاران ئامادە دەکات کە بەتەواوی لە سەر سنوورە ئاوی و وشکانییەکانەوە گەمارۆ دراوە و لە سەرئاستی نێوخۆییشدا بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەتەواوی بەرەو شڵەژان چووە و لە بەرامبەر حکوومەتی تاراندا ئیرادەی یەکگرتووی سیاسی و نەتەوەیی هەلومەرجێکی شیاوی بۆ هاتۆتە ئاراوە و ئەو نەتەوانەی لە وڵاتدا، بە تەواوی هەست بە پەراوێزخران دەکەن، لە ڕووی هزرییەوە زیاتر لێك نزیکبوونەتەوە بۆ دژایەتی و خەباتی هاوبەشی بە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی تاران. ئەگەر حکوومەتی ئێران بەهەر هۆکارێك هەوڵێکی لەو جۆرە بدات بەر لە هەر شتێك مەترسییەکان لە سەر ڕێژیمەکەیان زیاتر دەکەن و بێگومان ئەو کارەیان دەبێتە سەرەتای لاوازی و لە دەستدانی کۆنترۆڵ بەسەر بەشەکانی ئێراندا و گەلی کورد لەو بارەوە بەتەواوی لەسەر خەتە و بە خۆشییەوە ئەو کۆدەنگییە سیاسی و نیشتیمانییە لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هێزەکانی بە تەواوی دەبینرێ و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەپێناوی یەکڕیزی سیاسی و نەتەوەییدا هەنگاوەکانی خێراتر کردوون و بە دڵنیاییەوە ئەو هەڵوێستەی حیزب شوێنی گەورە لە سەر بارودۆخی کوردستان دەبێت. ەپێچەوانەی لێکدانەوەی ڕێبەریی نیزام، ئەمریکا لە هەمبەر ئێراندا هەرگیز پشت لە دۆست و هاوپەیمانە سیاسی و مێژووی و ستراتیژییەکانی لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ناکا و ڕووداوەکان بەو جۆرە نابن کە تاران کیسەی بۆ هەڵدووریون و بە خەیاڵ نەیارەکانی یەك بەدوای یەك لە پرشوبڵاویدا لە نێو دەبات. حکوومەتی ئاخوندی لە سەر ئاستی نێوخۆشدا ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی لە پشت نییە کە بە ئاقاری شەڕێکی ماڵوێرانکەری تر بڕوات لە ژێر دروشمی بێ بنەمادا و گەلانی ئێران و بەدیاریکراویش گەلی کورد بەتەواوی دژی ڕەفتار و سیاسەتی سەرکووت و دژی ئازادی و مافی نەتەوەی دەسەڵاتی تاران، خۆی ڕێکخستووە و لە دەرفەتێك دەگەڕێ کە بەتەواوی کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بێنێ.

**ئەگەر بێت و دەسەڵاتی تیرۆریستی ئاخوندی خۆی بخاتە دۆخێکی ئەوتۆ و بەدوای کڵاوی بابردوو بکەوێ و بە تەمای حیزبووڵای لوبنان شەڕی گەورەترین و بەهێزترین هێزی ناوچەیی بکات، لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش لە سەر ئاستی نێوخۆییدا، تووشی سەرئێشە و شکانی گەورە دەبێت**

**کاتێک حکوومەتی ئاخوندی خۆی سیاسەتی سەرکوت و ستەمی سیاسی و نکۆڵیکردن لە مافی سیاسی گەلی کورد و گەلانی تری وڵات پەیڕەو دەکات، چۆن خەڵک و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی باوەڕ لەسەر ئەو هەڵوێستەیان هەڵدەچنن**

**دەسەڵاتی تاران لە کاتێکدا خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ وڵاتێکی بەهێز و نەیاری تاران ئامادە دەکات کە بەتەواوی لە سەر سنوورە ئاوی و وشکانییەکانەوە گەمارۆ دراوە و لە سەرئاستی نێوخۆییشدا بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەتەواوی بەرەو شڵەژان چووە و لە بەرامبەر حکوومەتی تاراندا ئیرادەی یەکگرتووی سیاسی و نەتەوەیی هەلومەرجێکی شیاوی بۆ هاتۆتە ئاراوە**

# خووگرتن بە قەیران و لەبیر کردنیان




پژمان شەریعەتی


قەیران لە پێناسەی گشتی خۆیدا بریتییە لەو ڕووداوانەی کە لە ناکاو ڕوو دەدەن و دەتوانێت کاریگەری لەسەر گرووپێک، کۆمەڵگایەک یان چەند کۆمەڵگا و تەنانەت هەموو جیهان دابنێ؛ قەیرانەکان بە دوو بەشی مرۆڤی و سروشتی دابەش دەکرێن کە لەسەر دەروون، فەرهەنگ و کلتوور،ڕەفتار و کردەوە و ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەرییان هەیە و خەسارە گیانی و ماڵییەکانی ئەو ڕووداوانە زۆرینەی کۆمەڵگا لەخۆ دەگرێت.

قەیرانەکان چەندین تایبەتمەندیان هەیە کە لەناکاو و کوتوپڕبوون، خەسارەکانیان و پێویستییان بە یارمەتییە و پارامێترە سەرەکییەکانی، ڕێژەی مرۆڤە خەساربینیوەکان و دەرگیربوونی تاکەکان لەنێو سیستمی کۆمەڵایەتی، ڕێژەی پەشێوی لە کۆمەڵگایە؛ بە گشتی قەیرانەکان چ سروشتی بن چ مرۆڤی، ئاسەوار و لێکەوتەی کاولکارانەیان هەیە.

کۆمەڵگای کوردەواریش هاوشێوەی هەر کۆمەڵگایەکی دیکە کە لەگەڵ قەیران بەرەوڕوو دەبێت، لە کاتێک کە داگیر کراوە و بە تایبەتی لە سەدەی ڕابردوو و زاڵ بوونی سیستمی کۆلۆنیالیستی و عەقڵییەتی فاشیستی، بە بەردەوامی لە قەیراندا بووە و هەیە و دەتوانین بڵێین کە قەیرانەکان هەموویان مرۆڤین و تەنانەت ئەو قەیرانە سروشتییانەش کە لە کوردستان ڕوو دەدەن، وەکوو قەیرانی مرۆیی بە ئەژمار دێن، چونکە سروشت لە شێوەی ئاسایی خۆی خەساری خۆی هەیە، بەڵام قەیرانە سروشتییەکان لە کوردستان بە دەستی مرۆڤ ئەنجام دەدرێ و دێنە گۆڕێ و بەوپێیەش خەسارەکانی چەند قات دەبن.

ڕێژیمە دیکتاتورەکانی زاڵ بەسەر نەتەوەکانی نێو جوغرافیای سیاسیی ئێران، بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی نارەوای خۆیان و کاولکاری و تاڵان کردن، بە بەردەوامی و بە خوڵقاندنی قەیران، هەوڵی چەوساندنەوە و لەنێوبردنی نەتەوەکان دەدەن و بە خەون و وەهمی «ئیقتدار» و باڵادەستی و بە عەقڵیەتێکی فاشیستی، مانی خۆیان لە نەمانی ئەوی تردا دەبینن.

عەقڵیەت و کردەوەکانی داگیرکەر لە کوردستان وای کردووە کە ببێتە وڵاتێک کە بە بەردەوامی لە قەیراندا بێت و عەقڵیەتی دێموکراتیک و ئازادیخوازانەی کوردیش بووەتە هۆکارێک کە داگیرکەر چەند قات زۆرتر بەبەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی نێو جوغرافیای سیاسی ئێران قەیرانی بۆ بخوڵقێنێت و کورد بە مەترسی لەسەر خۆی بزانێت.

قەیرانە خوڵقێنراوەکان لە کوردستان، لە هەژاری، بێکاری، مادە هۆشبەرەکان، پەراوێز نشینی و گرانییەوە بگرە هەتا دەگاتە قەیرانە سیاسییەکان و لە سەرووی هەمووان نەبوونی ئازادی بە هەموو چەشنێک و قەیرانە کولتوورییەکان وەکوو ئاسیمیلاسیۆن و قەیرانی شوناس و هتد، بوونەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای کوردەواری.

ئەم قەیرانانە و لێکەوتەکانی بە ڕوونی سەرچاوەیان دیارە و داگیرکەر هۆکار و بڕیاردەری سەرەکییە، و تەنانەت ئەگەر لە ڕابردوودا و لە دەیەکانی پێشوو بە شێوەی شاراوە قەیرانی دەخوڵقاند و حاشای دەکرد لەم دەیەیدا ڕوون و ئاشکرایە و بەرپرسانی ڕێژیمیش لەسەر ئەساسی چەند بەرەکی لە نێو سیستمی دەسەڵاتیان باس لە قەیرانەکان دەکەن.

قەیرانەکان زۆرتر لە بواری دارایی هەڵدەسەنگێنرێن و بەراورد کردنیان لە کوردستان بە چەندین میلیۆن دۆلارە لە ساڵدا و زۆرینەی خەسارەکان لە ئاستێکدان کە قەرەبوو ناکرێنەوە و لێکەوتەکانیان بوونەتە هەتاهەتایی وەکوو قەیرانی ژینگە و وشکساڵی لە کوردستان؛ بەڵام خاڵێکی دیکەی هەڵسەنگاندنی قەیرانەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لە بواری دەروونییەوەن کە وا دەکەن، ئیرادەی نەتەوەیی و هاوبەشی و هاوکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی بگاتە کەمترین و نزمترین ئاست و ترس و دڵەڕاوکێ ببێتە بیرکردنەوەی ڕۆژانەی تاکی کورد.

هەرچەند بارودوخی دەروونی و ئیرادەی نەتەوەیی و هاوبەشی و هاوکاری و بەدەنگەوە هاتن لەبەرامبەر قەیرانەکان لە کوردستان بە نیسبەت نەتەوەکانی دیکە زۆر لەسەرترە و تەنانەت لەگەڵ هەندێک نەتەوە کە بە تەواوەتی بندەستییان قەبووڵ کردووە هەڵناسەنگێندرێت، بەڵام شێوازێک لە بیرکردنەوە و دیاردەی دەروونی لە کوردستان سەری هەڵداوە کە تاک و کۆمەڵگا لە بیرکردنەوەی خۆیدا باوەڕ بەوە بکات کە قەیرانەکان کۆتایی پێهاتنیان نییە و دەبێت ڕا بێن لەگەڵ قەیرانەکان کە ئەمە شێوازێک خووگرتنە لەگەڵ ژیانی قەیراناوی.

لە لایەکی تریشەوە زوو لەبیرکردنی لێکەوتە و کارەساتی قەیرانەکانی لە زەینی تاکەکاندا جێگیر بووە، بە شێوەیەک کە دژکردەوە و بە دەنگەوەهاتن لە بەرامبەر کارەساتەکان گەیشتووەتە کەمترین ئاستی خۆی و تەنانەت ئەگەر هاوارێک هەبێت بە دەنگێکی کەمە و بە مەودایەکی کەم لەسەریان پێداگری دەکرێت و لە یاد دەچن.

هەروەها بە هۆی ئەوەیکە قەیرانەکان لە کوردستان زۆرن و بەشێکی زۆریان هاوکات لەگەڵ یەکتر ڕوو دەدەن، کۆمەڵگا تەنیا دەتوانێت سرنج بخاتە سەر یەکێک لەو قەیرانانە و ڕای گشتی کۆمەڵگا بەرەو یەک قەیران دەچێت و تاکەکان بە شێوەی پەرتەوازە سرنج دەخەنە سەر قەیرانەکانی دیکە و بیرۆکەی گشتی کۆمەڵگا قەیرانەکانی دیکە لەبیر دەکات، هەرچەندە ئەوە فێڵ و گزەیێکی سیاسی ڕێژیمە کە قەیران بە قەیران دەشارێتەوە، بەڵام کۆمەڵگایش ڕا هاتووە لەگەڵ ئەم سەرلێشێواوییە.

هەرکات لە کۆمەڵگای کوردستان قەیرانێک دەبێتە ڕۆژەڤ، زۆر زوو زۆرینەی کۆمەڵگا سەرقاڵی ئەوە دەبن و لە مەودایەکی کەمدا باسێکی زۆر لەسەر هۆکار و ڕەگ و ڕیشەی قەیرانەکە دەکرێت؛ کاتێک کۆمەڵگا هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە، کارەساتێکی دیکە ڕوو دەدات و بە شێوەیەک کۆمەڵگا تووشی پەشێوی دەبێت و ئاڵۆزی پێک دێت و ڕوو دەکەنە قەیرانێکی دیکە، کە هەست دەکرێت هیچ ڕووی نەداوە و ئێستە تەنیا کێشە و گرفت هەر ئەوەیە.

بۆ نموونە، لە قەیرانی پەتای کۆرۆنا ویرووس، کۆمەڵگا زوومی خستە سەر چارەسەری و خۆپاراستن لەو ویرووسە و گوشاری خستە سەر دەسەڵات کە لە بەرانبەر گیانی خەڵکدا بێدەنگ نەبێت، بەڵام قەیرانی بێکاری بە هۆی قەرەنتینە لە ناکاو دەبێتە ڕۆژەڤ و کۆمەڵگا یەکدەستی و هەستی هاوکاری خۆی لەدەست دەدات. یان نموونەیەکی دیکە خۆڵبارینەکان لە کوردستانە کە کۆمەڵگا نارەزایەتی خۆی لەبەرامبەریدا دەردەبڕێت، لەناکاو سووتانی دارستانەکان ڕوو دەدات و قەیرانی خۆڵبارین لەبیر دەکرێت و باس دەبێتە باسی سووتانی دارستانەکان.

ئەم قەیران لە پشتی قەیرانە و زۆربوونی ئازار و ژانەکان لە کوردستان وای کردووە کە ڕێکخراوەکان و خەڵک و بە تایبەتی کەسانی پسپۆڕ نەتوانن لە کاتی پێویستدا هەڵوێستیان هەبێت و لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەکانیان بە ئاکام نەگات و ناچار بن ڕوو لە دیاردەیەکی دیکە بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە، ڕووداوەکان کە لێکەوتەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی قەیرانەکانن، ئەوانیش بە شێوەی کاتین و بە ڕووداوێکی دیکە فەرامۆش دەکرێن، بۆ نموونە بە هۆی قەیرانی پەراوێزنشینی و هەژارییەوە، ئاسیە پەناهی لە کرماشان لە پەراوێزی ئەو شارە لە ماڵی خۆی یان باشترە بڵێین کەلاوەکەی، لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیم لە کرماشان دەڕووخێنرێت و لە کاتی بەرگری لە منداڵ و ماڵەکەی بە هۆی لێدانی کارمەندانی شارەوانی کرماشانەوە گیانی لەدەست دەدات. ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە بوو بە ڕۆژەڤ و هەموو لایەک لە کۆمەڵگا لە بەرامبەریدا بە دەنگ هاتن و ئیدانە و مەحکوومیان کرد، هەر لەو سەردەمەدا کە ڕای گشتی کۆمەڵگا خوازیاری وڵامدانەوەی بەرپرسانی ڕێژیم بوون لە بەرامبەر ئەو جینایەتە، کوشتنی ڕۆمینا ئەشرەفی بە دەستی باوکی لەسەر تاوانی نامووسی، دەبێتە ڕۆژەڤ و ئاسیە لەبیر دەچێت.

ئەم ئاڵۆزی و بشێوییە لە کۆمەڵگای کوردەواری قەت سروشتی نەبووە و نییە و جێگیربوونەوەی ئەو شێوەبیرکردنەوە، مەترسییەکی گەورەترە بە نیسبەت خەساری قەیرانەکان کە لە ڕووی داراییەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، کە تا ڕادەیەک ڕێژیم بەو ئامانجە گەیشتووە کە یادگەی مێژوویی کۆمەڵگا بە ئاسانی پاک بکاتەوە.

لە لایەکی تریشەوە خەڵکی کۆمەڵگای کوردەواری، خەریکن خوو دەگرن بە قەیرانەکان و قەبووڵی دەکەن کە دەبێ لە ژیانێکی قەیراناویدا بەردەوام بن، تا ڕادەیەک کە کاتێک دەچیتە نێو ناخی کۆمەڵگاوە، دەبینیت تاکەکان باس لەوە دەکەن کە «ئەگەر هیچیشمان نەبێت لانیکەم دەژین و هەناسە دەکێشین» یان «چی لێ دەکەی تازە ژیانی کورد هەتا مابێ پڕە لە قەیران»، ئەم قسانە لە ڕوانینێکی سەرەتاییدا زۆر سادە و ئاسایین و ڕنگە کەسێکیش خۆی بە بەهەڵوێست بزانێت و لە وڵامدا باس لەوە بکات کە خۆت ویستووتە کەوا ژیان بکەی! بەڵام بەڕاستی ئەم قسانە بەشێکیان بوونەتە بیرکردنەوەی کۆمەڵگا و لە زەینیان جێگیر بووە کە کورد ناتوانێت، پێی ناکرێت، دەسەڵاتی نییە و هتد، کە ئەم کارەساتێکی گەورەیە و ئەم شێوەبیرکردنەوە و هزرینە ڕێک ئەو ئامانجە نامرۆڤانەیە کە داگیرکەر دەیهەوێت جێگیری بکات و ئیرادەی نەتەوەیی لە کورد بستێنێت و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی خۆی لەدەست بدات و ڕای بێنێت کە لەگەڵ ژیانی قەیراناویدا بژی و زوو لەبیریان بکات؛ کەواتە دەتوانین بڵێین کە ڕێژیم لە قەیرانەکاندا خەسارێکی ماڵی زۆر تووشی کوردستان دەکات و تەنانەت خەسارێکی زۆری گیانیش، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکی داگیرکەر، دەسبەسەرداگرتنی زەینی کوردە و لەو ڕێگەوە بە ئاسانی دەتوانێت دەست بەسەر هەموو وڵاتدا بگرێت. بەکورتی و بەپوختی و تەنیا لە یەک ڕستەدا دەتوانین بڵێین: «سیاسەتی سەرەکی ڕێژیم لەم ڕاستایەدا هیدایەت و موهەندسی کردنی ڕای گشتی و دەسبەسەرداگرتنی زەینەکانە».

**ڕێژیمە دیکتاتورەکانی زاڵ بەسەر نەتەوەکانی نێو جوغرافیای سیاسیی ئێران، بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی نارەوای خۆیان و کاولکاری و تاڵان کردن، بە بەردەوامی و بە خوڵقاندنی قەیران، هەوڵی چەوساندنەوە و لەنێوبردنی نەتەوەکان دەدەن و بە خەون و وەهمی «ئیقتدار» و باڵادەستی و بە عەقڵیەتێکی فاشیستی، مانی خۆیان لە نەمانی ئەوی تردا دەبینن**

**بە هۆی ئەوەیکە قەیرانەکان لە کوردستان زۆرن و بەشێکی زۆریان هاوکات لەگەڵ یەکتر ڕوو دەدەن، کۆمەڵگا تەنیا دەتوانێت سرنج بخاتە سەر یەکێک لەو قەیرانانە و ڕای گشتی کۆمەڵگا بەرەو یەک قەیران دەچێت و تاکەکان بە شێوەی پەرتەوازە سرنج دەخەنە سەر قەیرانەکانی دیکە و بیرۆکەی گشتی کۆمەڵگا قەیرانەکانی دیکە لەبیر دەکات، هەرچەندە ئەوە فێڵ و گزەیێکی سیاسی ڕێژیمە کە قەیران بە قەیران دەشارێتەوە، بەڵام کۆمەڵگایش ڕا هاتووە لەگەڵ ئەم سەرلێشێواوییە**

**خەڵکی کۆمەڵگای کوردەواری، خەریکن خوو دەگرن بە قەیرانەکان و قەبووڵی دەکەن کە دەبێ لە ژیانێکی قەیراناویدا بەردەوام بن، تا ڕادەیەک کە کاتێک دەچیتە نێو ناخی کۆمەڵگاوە، دەبینیت تاکەکان باس لەوە دەکەن کە «ئەگەر هیچیشمان نەبێت لانیکەم دەژین و هەناسە دەکێشین» یان «چی لێ دەکەی تازە ژیانی کورد هەتا مابێ پڕە لە قەیران**

# خەڵک ئەکوژن و زماندرێژیش دەکەن

سۆران شەمسی




دەسەڵاتی زاڵ بەسەر وڵاتی ئێراندا، بە درۆ و بەبێ ڕەوشتی و فریودان، گەلانی ئێرانیان هێناوەتە ژێر ڕکێفی خۆیان و ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی چل ساڵ و زێدەتریش، دەیانهەوێ هەر بەو شێوە بەڕێوەبەرییە دەغەڵکارانەیە، گەلانی نیشتەجێ لەم جوغرافیایە بەلاڕێدا ببەن هەتاکوو بتوانن درێژە بدەن بە دەسەڵاتی چەپەڵی خۆیان بەسەر وڵاتدا.

قسەکانی ئەم دواییانەی عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامی، لە هەمبەر سەرهەڵدانەکانی ئەم دواییانە لە دژی پاکتاوی ڕەگەزی لە وڵاتی ئەمریکا و دوای بڵاوبوونەوەی لەلایەن دەنگوڕەنگی ڕێژیم، زۆر بە خێرایی لەگەڵ کاردانەوە و ڕەخنەی جیددی خەڵک بەتایبەت لە دنیای مەجازیدا بەرەوڕوو بوویەوە.

خامنەیی لە بەشێک لە قسەکانیدا لە ڕۆژی چوارشەممە ١٤ی جۆزەردان لە هەمبەر وڵاتی ئەمریکا وتی: «خەڵک ئەکوژن و زماندرێژیش دەکەن».

هەر ئەم بەشە لە قسەکانی کرا بە هەشتەگ لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتێر و لە دژی خۆی بەکار هاتەوە.

خامنەیی لە قسەکانی خۆیدا، باس لە زوڵم و وشەی هەڵاواردن لە ئەمریکا دەکات و بۆ ساتێک لە یادی دەچێت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کەسێکی ڕەشپێست بۆ ماوەی هەشت ساڵ سەرۆکایەتی ئەو وڵاتەی بەدەستەوە بووە و بە دەنگی خەڵک لە ئەمریکا گەیشتە ئەم ئاستەی دەسەڵات و ئەو ناتوانێ بە فرمێسکی حەرامە ڕشتن ئەم کەتوارەی کۆمەڵگای ئامریکا لە بیر بباتەوە کە لەوێدا و بەپێی یاسا ڕەنگی پێست و ئایین و ڕەگەز گرینگی نییە و هەمووان دەتواننلە سێبەری ئەو یاسایانەدا وەک یەک بەشدار بن لە دەسەڵات و بەڕێوەبەریی وڵاتدا.

ئەم دێڕە لە وتەکانی عەلی خامنەیی لە هەمبەر ڕەخنەگرتن لە کوژرانی جۆرج فلۆید لەلایەن پۆلیسی ئەم وڵاتە، ئێستا بووەتە کەمپەینێک بۆ وەبیرهێنانەوەی نێو و وێنە و یادی ئەو کەسانەی کە بە درێژایی چل و یەک ساڵی ڕابردوو لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە تەنیا بەتاوانی جیابیری، زمانی جیا، ئایینی جیا و ڕەگەز و شوناسی جیا کوژراون و دەکوژرێن.

ڕووی هەڵماڵاوی ڕێبەری ڕێژیمێک کە ڕەخنەگرانی خۆی ئەکوژێت، بەندکراوە سیاسییەکان لە سێدارە دەدات، ڕووناکبیرەکانی لە بەندیخانەکانیدا ناچار بە خۆکوشتن جەستەیی و فکری دەکات و هیچ چەشنە وڵامێکیش بۆ کردەوەکانی ناداتەوە بە هیچ لایەنێک، لە بابەتی کوژرانی پیاوێکی ڕەشپێست لە ئەمریکادا وەدوای مەرامی سیاسیی خۆی دەکەوێت.

کۆمەڵکوژییەکانی ساڵانی ٦٠ی هەتاوی لە بەندیخانەکان، لەسێدارەدانە بەلێشاو و بەکۆمەڵەکانی خەڵک لە کوردستان، تیرۆری ڕێبەرانی گەلی کورد و ....تیرۆرە زنجیرەییەکان، کۆمەڵکوژیی بەهاییەکان، کۆمەڵکوژیی خەڵک لە سەرهەڵدانەکانی نێوخۆدا، لە ٣٠ جۆزەردانی ساڵی ٦٠ی هەتاویدا، ٩ی جۆزەردانی ساڵی ٧١ی هەتاوی، پووشپەڕی ساڵی٧٨، خەرمانانی ساڵی٧٩، جۆزەردانی ساڵی ٨٨، کۆمەڵکوژیی سەرماوەزی ساڵی ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و کوشتاری بەردەوام و بێبەزەییانەی کۆڵبەران، کۆمەڵکوژیی موسافیرە بێتاوانەکانی فڕۆکەی ئۆکراینی، بە هاویشتنی مووشەک لەلایەن سپای تێرۆریستی پاسداران، کوشتنی پەناخوازانی وڵاتی ئەفغانستان و لەسێدارەدانی بەردەوام و بێ وەستانی گیراوانی سیاسی بە تێپەڕبوونی تەمەنی ڕێژیم و هەزاران تاوان و تیرۆر لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کە وتنەوەیان ئازارێکی بەردەوامە لەسەر جەستەی گەلانی ئێران ڕەنگە تەنیا بەشێکی بچووک و دیار بێ لە کۆی جینایەتە سامناکەکانی ڕێژیم.

هەڵدانەوەی ئەم تاوان و کۆمەڵکوژیانەی ڕێژیم ئەم ڕۆژانە بەربڵاوترین کەمپەینی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دژی ڕێژیم ڕێک خستووە، کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسەکان بە دانانی وێنەی کوژراوانی سەرهەڵدانەکانی ساڵی ٨٨ی هەتاوی، دوای دەنگدان بۆ بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆمار و هەروەها سەرهەڵدانەکانی ئەم سێ ساڵەی ڕابردوو لە دژی ڕێژیم لەلایەن دەزگا ئەمنییەتییەکان و سپا و دادوەریی ڕێژیم لە ژێر فەرمانی خامنەییدا کەڵکیان وەرگرتووە.

ئەوەندەیان گرتن و چەوسانەوە و حەپسی نێو ماڵ و دوورخستنەوە و هەڕەشە کرد کە ئەمڕۆ ئیتر کەس نەماوە کە بێژێت گەر سەرهەڵدانەکانی ئەمریکا باشە، کەوایە کەشێک بڕەخسێنن هەتاکوو خەڵکان بتوانن ڕێپێوان بکەن و توانای دەنگ هەڵبڕینیان هەبێت لە هەمبەر زۆرداریی ئێوە و ترسی لە دووپاتبوونەوەی ئەزموونی تاڵی سەرهەڵدانەکانی خەزەڵوەری ٩٨ نەبێت .

«دیکتاتوری سەدە» بە دەربڕینی ئەم قسانەی؛ «خەڵک ئەکوژن و زماندرێژیش دەکەن» لە دوایین قسەکانی لە هەمبەر ئەمریکادا شەپۆلێک لە تووڕەیی و قەڵسییەکی زۆری خستە ناو دڵی هەموو ئازادیخوازێک و ئازاری داون.

خامنەیی وا بیر دەکاتەوە کە گەلانی ئێران تاوانەکانی ئەویان لە یاد کردووە، ئەو لای خۆی وا بیر دەکاتەوە کە خوێنی شۆڕشگێڕانێک کە بۆ ئەم ڕێگایە ڕژایە سەر خاک، لە بیر چۆتەوە.

لە ڕاستیدا نوتقی هەر تاکێک بە گوێبیستبوونی ئەم شێوە قسانە، ئەویش لەلایەن دیکتاتۆرێک کە هەتا بن هەنگڵ دەستی بە خوێنی گەلانی ئێران سوورە، دەبەسرێت.

کە وایە بە چاولێکردنێک بەم باسانەی کە وروژاندمان، دەبێت ئەوە بڵێین کە وەلی فەقیهی تەلیسم شکاو و ئابڕووڕژاو لە کۆتایی دەسەڵاتیاندا داوای ئەو شتەی کە نە بۆ خۆی و نە دەسەڵاتی ڕێژیمەکەی بۆ گەلانی ئێرانیان یانی (یەکسانیخوازی) بۆ خەڵک نەکردووە و بەڵام بەبێ شەرمی داوای جێبەجێبوونی لەلایەن وڵاتانی تر دەکات.

ئەو هەر ئەو دەسەڵاتەیە کە خەڵک و ڕەخنەگرانی بە «ئەوباش، مونافیق، ئەشرار، خەبیس و ... هتد» ناو دەبات و بە ئاشکرا خۆی و سەرانی سێ دەزگا سەرەکییەکەی حکوومەتەکەی خوازیاری جێبەجێبوونی سزای سێدارە، قامچی لێدان، ئازار و ئەشکەنجە و کوشتنی ڕووناکبیران بۆ نەیارانی خۆیانن.

بێ ڕەوشتی و فاشیست بوونی خامنەیی لە هیچ کەسێک شاراوە نییە و داڕشتنەکانی دژە مرۆڤی و ڕەنگدانەوەی ترسێنەر لە دوژمنایەتی، شەڕەکان، تواندنەوەی نەتەوەکان و کۆمەڵکوژییەکان و تیرۆرە بێ سنوورەکان لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات، لە پەروەندەی ڕەش و خوێنینی خۆیدا هەیە و بێ ڕەوشتی و بێ ئابڕوویی کاربەدەستانی ڕێژیمەکەی لە نێوچاوانی مێژوودا نووسراوەتەوە کە لە شێوەی دەسەڵاتداریدا هەر وەکوو شەوی تاریک ترسێنەر و قیناوین.

قسەکانی خامنەیی و دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە دژی ئامریکا نەیتوانیوە جێگایەک بۆ ئەو ڕێژیمە بدۆزێتەوە، تەنانەت بوونەتە هێمایەک بۆ بێ ڕەوشتی و بێ ئابڕوویی خۆیان و ڕژیمەکەیان، ڕشتنی فرمێسک لەلایەن خامنەیی کە دەستی بە خوێنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی مافخواز و مافویستی ئێران سوورە، فێڵێکی بێ ئابڕوویانەیە کە کڕیارێکی نییە.

ڕێژیمی ئیسلامی و لە ناوەندی ئەودا ڕێبەرەکەی بەرپرسی ڕاستەوخۆی هەموو ئەو تاوانانەیە کە بە شێوە جیاوازەکان بە تێپەڕبوونی ئەو ساڵانە بەردەوام بووە، بنەماڵەی گیان بەختکردووەکانی سەرهەڵدانەکانی جۆزەردان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئەو هێزە سیاسییانەی کە ڕیشەیان لەناو بزووتنەوەی مافویست بۆ ڕزگاریی خەڵک هەیە لە هەمبەر دەستپێڕاگەیشتن بە ڕاستییەکان و بەدواداچوونەوەی هەموو ئەو تاوانانە لەلایەن ڕێژیمدا بەرپرسن هەتاکوو ملی ڕێژیم بگرن بۆ بەدواداچوون و پێگەیشتن و ئەستاندنی مافەکانی خەڵک.

هیچ شکێک لەوەدا نییە کە ئامانجی هەوڵدانی ئەم کۆمەڵە درەنگ یا زوو ئەوان ناچار بە دانپێدانان دەکات و ناهێڵن ئەم تاوانانە لە چاوی خەڵک شاراوە بێت، ئەوە لە وڵاتی ئێمەدا ڕووی داوە، خەڵک ئەکوژن و زماندرێژیش دەکەن.

## وێستگە

# قەتڵی نامووسی دێوەزمەی ژیانی ژنانە



نووسین: هێمۆ

لە ڕۆژی یەکی جۆزەردانەوە تاکوو ئێستا چەندین هەواڵی جیاوازمان سەبارەت بە قەتڵە نامووسییەکان لە شارەکانی ئێراندا بیستووە.

ڕەنگە لەم ماوەیەدا زۆرمان لە سەر نووسیبێت و زۆریشمان لە سەر خوێندبێتەوە بەڵام چارەسەرنەبوون و لە هەمووی گرینگتر بەردەوامبوونی ئەم ڕەوتە نالەبارە لە کۆمەڵگادا نیشان دەدا کە وا دەخوازێ زیاتر لە سەری کار بکرێت و زیاتر بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

لە ماوەی ڕابردوودا هەواڵی قەتڵە نامووسییەکان هەموو دنیان مەجازی تەنیبوو، زۆربەی ژنان بە شێوازێکی ڕەخنەگرانەی ڕادیکاڵ هەموو پیاوانی کۆمەڵگایان بە تاوانبار زانی و بە تووڕەیی تەواوەوە کاردانەوەیان بەم ڕووداوە ناخۆشانە نیشان دا.

ئەوەی کە زیاتر نالەبارە ئەوەیە کە لە کاتێکی وەهادا ژنان، هەموو پیاوان بە یەک چاو سەیر دەکەن و ئەم دڵڕەقی و نامرۆڤبوونە دەدەنە پاڵ هەموویان، لەحاڵێکدا کە بەڕاستی سەرنجدانێکی خەسارناسانەی بابەتەکە ئەوە دەردەخات کە هەموو پیاوان دێو و درنج نین و ستەمی لەو چەشنە لە خوشک و کچی خۆیان ناکەن.

بە تاوانبار زانینی ڕەهای پیاوان لەم جۆرە تاوانانەدا زیاتر ڕوانگەیەکی دەمارگرژانەیە، چونکە لە ڕاستیدا ئەوە ژینگەی ژیانی مرۆڤەکانە کە شێوازی هەڵسوکەوت و باوەڕەکان و ئاکاریان دەخولقێنێ.

کۆمەڵگای ئێران بەپێچەوانەی هەموو کۆمەڵگاکانی جیهانە، لە وڵاتانی دیکەدا ئەگەر قەتڵێک ڕوو بدات و پیاوێک تاوانێکی لەم چەشنە بەرانبەر بە ژنەکەی، یان خوشک و کچەکەی ئەنجام بدات پێش لە هەموو شتێک لە بواری دەروونییەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت کە بەپێی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئەم جۆرە تاوانانە لە کەسانێک ڕووی داوە کە لە بواری دەروونییەوە کێشەیان هەبووە و تووشی نەخۆشییە دەروونییەکان بوونە، نە لە سەر بابەتێک بە ناوی «نامووس» کە ئێستاکەش لە ئێراندا و لە یاسای نووسراوە و نەنووسراویشدا هیچ پێناسەیکی بۆ نییە !

لە ئێراندا خودی یاساکان ڕێگە بە پیاوان دەدەن کە لە حاڵەتگەلێکدا کە هەست بە مەترسی بەرانبەر بە ئابڕوو و شەرەفیان بکەن، دەست بدەنە قەتڵی نامووسییەوە و بەبێ هەبوونی دادگا و دادوەر خۆیان حوکم لەسەر تاوانبارەکە بدەن و حوکمەکەشی بەڕێوە ببەن بەبێ ئەوەی کە هیچ یاسایەک پێشیان پێ بگرێت و سزایەکیان بۆ دیاری بکرێت، کەوایە لەم بوارەدا ئەوە یاسایە کە ئازادییەکی ڕەهای بە پیاوان داوە کە لە ئەگەری ڕوودانی حاڵەتێکی وەهادا، بتوانن بە ئاسانی بڕیار لە سەر مان و نەمانی تاوانبارەکە بدەن.

زۆربەی هەرە زۆری ئەو ڕووداوانە کە لە ئێراندا بە ناوی «قەتڵی نامووسی»ییەوە ڕوو دەدەن، لە لایەن ئەو پیاوانەوە ڕوو دەدات کە لە ڕوانگەی خۆیانەوە بەشەرەفتر لە پیاوانی دیکەن و زەوت کردنی ئازادیی مێینەکانی بنەماڵەکانیان بە پیاوەتی، غەیرەت، بەنامووسی و کۆمەڵێک چەمکی لەم بابەتە پێناسە دەکەن.

لەڕاستیدا کێشەی سەرەکی لە شێوەڕوانینی کۆمەڵگا بەرانبەر بە ژنانە، کۆمەڵگا ژن بە بوونەوەرێکی لاواز وەسف دەکات، کە ئەمە بەداخەوە لە نێو خودی ژنانیشدا هەیە و خۆیان بەرهەمهێنەرەوەی سەرەکیی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەن.

زۆر جار دایکی بنەماڵەکان بۆ ئەوەی کە کۆنترۆڵی ئاکاری کچەکەی بکات، بۆ هەر شوێنێک کوڕەکەی لەگەڵ دەخات کە ڕەنگە زۆرجاریش ئەم کوڕە نیوەی تەمەنی خوشکەکەشی تەمەنی نەبێت، ئەمە ڕەواییدانێکی بێ ئەملاوئەولای کۆمەڵگا و بنەماڵە بەو بیرۆکە هەڵەیە کە ژنان لاوازن و پیاوان دەبێ بەردەوام بیانپارێزن. بەڵام لە چی؟

ئایا ئەمە هەستی متمانەبەخۆبوون و تەنانەت متمانەکردن بە ڕەگەزی بەرانبەر لە کۆمەڵگادا کاڵ ناکاتەوە؟

کۆمەڵگای ئێران بە بیرۆکەیەکی دینییەوە شکڵی گرتووە و ئاکاری بنەماڵەکانیش لە ڕاستای پەرەپێدان بەم بیرەدایە.

زۆرجار بیستوومانە کە کچەکان لەکاتی گلەیی کردن لە براکانیان دەڵێن: ئەوان بۆ ئێمە سەرکوتکەرن و بۆ کچی خەڵک ڕۆشنبیر!

لەڕاستیدا وردبوونەوە لەم ڕستە کورتە زۆر شت دەردەخات، یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئیزن بە پیاو دەدەن کە بە ناوی سیغەکردن و پەیڕەوکردنی سوننەتی پێغەمبەرەوە لەگەڵ چەندین ژنی دیکە جیا لە هاوسەرەکەیان پێوەندییان هەبێت و لە لایەکی ترەوە هانیان دەدات کە بۆ پاراستنی ئابڕوو، خوشکەکانیان بپارێزن!

زۆربەی ئەو کەسانەی کە باوەڕی مەزهەبییان هەیە لەم جۆرە کاتانەدا باس لەوە دەکەن کە ئەرکی سەرەکی ژن پاراستنی خۆیەتی لە بەرانبەر ئەم جۆرە هەڕەشانەدا بەڵام ئایا ئەگەر کۆمەڵگا شوێنێکی ئەمن بۆ ژنان بێت و ئەگەر یاساکان بە شێوازێک بن کە مافی ژنان پێشێل نەکەن، ئایا لەم چەشنە ڕووداوانە هەر ڕوو دەدەن؟

قەتڵی نامووسی و لە ڕاستیدا کوشتن لە سەر هیچ و بۆ هیچ، ئەو دیاردە قیزەونەیە کە بەرۆکی کۆمەڵگای گرتووە، تا کاتێک کە نەخوێندەواری، پێبەندبوون بە باوەڕە هەڵەکان، هەڵاواردنی ڕەگەزی، جیاکردنەوەی ژن و پیاو و دەیان کێشەی دیکە هەبن، بەدڵنیاییەوە ئەم دۆخە ناگۆڕدرێت.

کۆمەڵگای ئێمە دەبێ بەو ئاستە لە تێگەیشتن بگات کە ژن و پیاو دوو بوونەوەرن کە هیچ کامەیان سەرتر لەویتر نییە و هەنگاوەکانیان دەبێ لەو پێناوەدا بێت کە تەواوکەری یەکتر بن و لاوازییەکانی یەکتر چارەسەر بکەن نەک ببنە سەرچاوەی دوژمنایەتی یەکتر و لە دوو جەمسەری جیاوازەوە چاو لە ژیانی کۆمەڵایەتی بکەن.

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

**بەشی چواردەیەم**

## ٤،٢ ڕاهێنەری سۆزدارانە (عاتفی):

دەستنیشان کردن و گەشەدان بە هەستەکان لەو قۆناغەدا خاڵێکی گرنگ و بنەڕەتییە. دڵەکوتە و بێئۆقرەیی، کاردانەوەیەکی هەستەکی یان ئاکاری لە بەرامبەر دۆخێکی چاوەڕوان نەکراودایە. ئەوەش زۆر جار بە هۆی کاردانەوەیەکی دەروونی و جەستەیی (وەک ترس) بە شێوەی هەستێکی بەهێز دەبێتە هۆی گۆڕانکاری.

لەو کاتانەدایە کە بیرە نەرێنییەکانمان زیاد دەکەن، هەستی نەرێنیش هەموو لاشەمان دادەگرێت و تووشی دڵەڕاوکێ دەبین.

Lao Zi فیلەسووفی چینی دەڵێت: ‹‹ ئەگەر بێئۆقرەیی (نائارامی) دزە بکاتە ناو دروونتانەوە و توشی دڵەڕاوکێ بن، ئەو کاتەیە کە پێوەندی لەگەڵ خۆتان لە دەست دەدەن.››

چۆن ئێمە دەتوانین گەشە بەهەستە ئەرێنییەکانی (positive) خۆمان بدەین و هەستە نەرێنییەکانیش (negative) کەم بکەینەوە.

لێرەدا ڕاهێنەری سۆزداری، کاریگەری خۆی هەیە و دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی بتوانین جیاوازی لە نێوان هەستەکان دانێین.

### ڕاهێنەری سۆزداری لە ٨ فازدا

١. ناسینی هەستەکان:
هەر هەست پێکردنێک ڕەنگدانەوەی شتێکە و پێوەندی بە هەلومەرجی دەروونی مرۆڤەوە هەیە. ڕاهێنەر یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ ئەوەی باشتر هەستەکانی بناسێت و بە سەریاندا زاڵ بێ.

٢. پەسەندکردنی هەستەکان:
فێرخواز پێویستی بە یارمەتی هەیە تا هەستە نەرێنییەکانی خۆی قەبووڵ بکات. ئەمە بەو مانایە نییە کە دەبێ هەستە نەرێنییەکانی خۆی خۆش بووێت، بەڵام پەسندنەکردنیان باش نییە و کاریگەری لە سەر پرۆسەکە دەبێت و ئاڵوگۆڕ هێنان بەسەریاندا زەحمەت دەبێت.

٣. ناولێنان لە هەستەکان:
فێرخواز یەک بەیەک هەستەکانی دەنووسێتەوە.
هەر هەستێک پێوەندی بە شتێکەوە هەیە و دەتوانێت بەپێی ئەو شتەی کە پێوەندی پێوە هەیە ناویان لەسەر دانێت کەواتە لە پرۆسەی ڕاهێنەرییەکەدا هەنگاوەکان بۆ کەمکردنەوە یان نەهێشتنی ئەو هەستانەی کە ناویان لێنراوە، ئاسانتر دەبێت. ئەگەر فێرخواز خۆی بە تەنیا نەیتوانی هەستەکانی بنووسێتەوە کەواتە ڕاهێنەر دەبێ یارمەتی بدات.

٤. خوێندنەوەی هەر یەک لە هەستە بنەڕەتییەکان:
دەبێ ئێمە بزانین هەستە بنەڕەتییەکان کە بنەمان، لە کوێرا هاتوون. بۆ نموونە: کاتێک کچەکەمان کە ١٥ ساڵ تەمەنیەتی و درەنگتر لە کاتی خۆی دێتەوە ماڵ، ئێمە لەوانەیە توورە بین.
ئەوە ترسە کە دەبێتە هۆکار بۆ توورەبوونی ئێمە، لەوانەیە ئەو ترسە بەردەوام لە دەروون و زاتماندا هەبێت کە نەکا ڕۆژێک شتێکی ناخۆش بۆ کچەکەمان بێتە پێش، کاتێک لە دەرەوەی ماڵە.
تەنانەت وەبیرهێنانەوەی بیری نەرێنی دەبێتە هۆی توورەیی و دروست بوونی دڵەڕاوکێ. ل
ەوانەیە ئەو هەستانە بەردەوام دووپات ببنەوە و بەرەبەرەش گەشە بکەن و لە ناو ناخماندا ببن بە هەستی نەرێنی. ئەمانە ئەو هەستانەن کە ئێمە دەبێ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێنین.

٥. دیاریکردنی هەستەکان کامەیان باشن و کامەشیان نەرێنین:
لەو فازەدا هەستە ئەرێنی و هەستە نەرێنییەکان لە یەک جیا دەکەینەوە. ئەو هەستانەی کە ئەرێنین یا باشن با هەر بمێننەوە، بەڵام ئەگەر هەست دەکەی ماوەیەکی زۆرە ئەو هەستانەت هەیە و پێتخۆشە بیانگۆڕی هیچ کێشە نییە و دەتوانی ئەو کارە بکەی. بەڵام لێرەدا ئەوەی کە گرنگە هەستە نەرێنییەکانن و دەبێ هەوڵی گۆڕینیان بدەی.


٦. خوێندنەوەی بیرە نەرێنییەکان کە هۆکاری دروست بوونی هەستە نە ر ێنییە کا نن: هەر یەک لە ئێمە وەکوو تاک خۆمان بەرپرسیارین کە چۆن بیر دەکەینەوە و چ هەستێکمان هەبێت. کاتێک بیرێکمان هەیە و بەردەوام مێشکمان پێوەی گیرۆدە بووە و هۆکاری دروست بوونی هەستێکی ناخۆشە، کەواتە یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە بەشداری پرۆسەی ڕاهێنەری بکەین بۆ نەهێشتنی ئەو شێوە بیرکردنەوانە.

٧. دۆزینەوەی هەستە ئەرێنییەکان، هێندێک کەس بۆیان زەحمەتە بتوانن هەستە ئە ر ێنییە کا نی خۆیان بدۆزنەوە. بۆ نموونە: دوای یاری کردن (وەرزش) هەست بە خۆشی دەکەی، یان کاتێک کەسێک دەسکە گوڵێکت پێشکەش دەکات، یا بەچوونە بازار و شت کرین دڵت خۆش دەبێ و .. هتد.
ئەگەر فێرخوازەکە بە تەنیا نەیتوانی هەستە دڵخۆشکەرەکانی خۆی بدۆزێتەوە کەواتە ڕاهێنەر دەتوانێ یارمەتی بدات و ئەو هەستانەی کە هۆکاری دڵخۆش بوونن بدۆزێتەوە.

٨. جێگۆڕکێ کردنی هەستە نەرێنییەکان لەگەڵ هەستە ئەرێنییەکان:
زۆر جار و بۆ زۆر کەسیش هەروا ئاسان نییە کە بتوانن جێگۆڕکێ بە هەستە نەرێنییەکانیان بکەن، هەر بۆیە پێویستیان بە یارمەتی ڕاهێنەر هەیە.
بۆ ئەوەش دەتوانن لە پێشدا خوێندنەوەیان لەسەر هەستە نەرێنییەکان هەبێت و دوای دانانی ناو لەسەر ئەو هەستانەی کە هیچ لۆژیکێکیان لە پشت نییە و جێگای پەسەندی هیچ عەقڵێک نین و تەنیا هۆکارن بۆ بەئامانج نەگەیشتنیان لە کۆتاییدا ڕاهێنەری کردن بۆ جێگۆڕکێ کردنی ئەو هەستانە بە هەستی ئەرێنی و لۆژیکی بۆ ئەوەی هەستی دڵخۆشی بدەن بە ئێمە یان دڵخۆشمان بکەن.
ئەوە کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت کاتێک مرۆڤ تووشی ڕووداوێکی ناخۆش بوویێت. بەڵام زۆر ڕێگا هەن کە مرۆڤ دەتوانێ تاقیان بکاتەوە وەک: چوونە لای هاوڕێیان، چوونە بازار و سەیران، وەرزش کردن، پیاسەکردن یا قەدەم لێدان، گەڕان لە ناو سروشتدا و .... هتد.
هەموو ئەوانە دەتوانن بیرەکانمان بگۆڕن یا هۆکاری دروست بوونی هەستی ئەرێنی بن.

## ٤،٣ ڕاهێنەری بەڕێوەبردن

بەڕێوەبەری لە کار و ڕەوتی ڕێکخراوێکدا




**وێنەی ٢:٤ پێنج شێوازی بەڕێوەبەریی یا بەرپرسایەتی و ئاکامەکانی**

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ڕۆڵی گرنگ و بناغەیی دەگێڕێت. هەربۆیە بەڕێوەبەری کارامە و کاریگەر دەتوانێ بڕیاری گونجاو و باش بدات و ئەو بڕیارە گونجاوانە هەم بە کردەوە دەکرێن و هەم دەستکەوت و ئاکامی باشیان دەبێ و هەمیش ڕێکخراوەکە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی نزیک دەکاتەوە.

هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی بەرپرسێک یا بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوێک بەشداری پرۆسەی ڕاهێنەری بکات بۆ ئەوەی:
ئیرادە و توانای بڕیاردانیان هەبێت، بتوانن هاوسەنگی باش لە نێوان کاربەدەستان یا ئەندامانی ڕێکخراوەکە پێکبێنن، هونەری دابەش کردنی ئەرک و جێبەجێکردنی کارەکان بە دەستی ئەندامانیان هەبێ (یانی هەر خۆیان کارەکان جێبەجێ نەکەن)، لە کەمکردنەوەی کێشەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ کێشەکان و هتد کاریگەری باشیان هەبێ.

### پێنج شێوازی بەڕێوەبەری یان بەرپرسایەتی

١. بەڕێوەبەریی ئیدئۆلۆژی
٢. بەڕێوەبەریی ستراتێژی
٣. بەڕێوەبەریی کارگێڕی (ئیداری)
٤. بەڕێوەبەریی تیم (گروپ)
٥. بەڕێوەبەریی کەسی (شەخسی)

وێنەی ٢:٤ ئاماژە بە پێنج شێواز لە بەڕێوەبەریی یان بەرپرسایەتی دەکات؛ بەڵام ئەوەی زۆر بنەڕەتییە و بە گشتی تاکەکان چ وەک بەرپرس و چ وەک کەسی (شەخسی) لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا بەشداری دەکەن، بەڕێوەبەریی کارگێڕی یا ئیداری (administrative) ، بەڕێوەبەریی تیم (گروپ) و بەڕێوەبەریی کەسییە (شەخسی).

بە تایبەت ڕاهێنەری کەسی بۆ بەرپرسێک کە ناتوانێت کارەکان بە باشی بە سەر کاربەدەستەکانیدا دابەش بکات یان ناتوانێت پێوەندییان لە گەڵ بگرێت، زۆر گونجاوە.




**وێنەی ٣:٤ئاماژەیە بە بەرپرسی ناکارامە و کارامە**

یان نەزانێت کە ئەندامانی گروپەکەی چۆن و بە چ شێوەیەک ڕێک بخات یا سازمان بدات بۆ ئەوەی ئاکامی باش لە کارەکانیان وەرگرن و زووتریش بە ئامانج بگەن.

بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەک بە ئامانج بگات، پلان یان ڕێکاری جیاواز هەیە. نموونەیەک لەوانە، ڕێبەری گۆڕانخواز و کارگێڕی هەڵسووڕ، زۆر باوە.

### ڕێبەری گۆڕانخواز:

ڕێبەری گۆڕانخواز لقێک لە بنەما زانستییەکانی تیئۆری بەڕێوەبەرییە کە هەڵگری چوار فاکتەری سەرەکییە وەک:


- گەشە و شکۆ پێدان بە ئامانجەکان
- هاندان و بە جموجووڵ خستنی ئەندامان
- پشتگیری و هاریکاری (یارمەتیدان)
- هەڵسووڕاندن و چالاک کردن

**ڕێبەری گۆڕانخواز لەسەر دوو تیئۆری دەخولێتەوە:** دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەکی هەڵسوور و چالاک و سەرکردە یا سەرۆکێکی نەترس لە گۆڕانکاری. بەکورتی ڕێبەری گۆڕانخواز دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندی نێوان ڕێبەرایەتی و ئەندامان و هەروەها هەڵسوکەوتی ئەوان لەگەڵ یەکتر و لە ناو کۆمەڵگەدا. ڕێبەرێکی باش ئەو کەسەیە کە گرنگی بە شێوەی پێوەندییەکان دەدات بە تایبەت ڕوو بە کۆمەڵگە. پێوەندییەکی باش خاڵێکی بنەڕەتییە بۆ گەشە و شکۆپێدان بە ڕێکخراوەکە.

هەر بۆیە هەبوونی پێوەندی ڕێبەر یان هەر تاکێکی ڕێبەری لەناو ڕێکخراودا لە گەڵ کۆمەڵگە، لەگەڵ ویستی هاووڵاتیان نزیکیان دەکاتەوە کە ئەوەش بیرۆکە و سەرچاوەی گۆڕانکارییە.

بەڕێوەبەری یان کارگێڕی هەڵسووڕ کارگێڕی بریتییە لە هەڵسووڕاندن و دروستکردنی ڕۆحی هاوڕێیەتی و هاوکاری لە نێوان ئەندامان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراودا. هەر مرۆڤێک خاوەن کەسایەتی و هەڵسوکەوتی (خوو و ڕەوشتی) تایبەت بە خۆیەتی، بۆیە هەرکەسە بە شێوەیەک مرۆڤ دەتوانێ کاریگەری لەسەر هەبێت چ بۆ چالاک و هەڵسووڕکردنی و چ بۆ هاوکاری کردنی.

کەواتە بۆ ئەوەی لە ئەرکەکەت وەک بەرپرسێک سەرکەوتوو بی و کارگێڕییەکی چالاک و هەڵسوڕت هەبێ دەبێ شارەزای هەڵسوکەوت و تایبەتمەندی دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوەکەت یان ئەندامەکانت بی.



**وێنەی ٤:٤ پێنج شێوازی بەرپرسی و مەودای گەیشتن یان دوورکەوتنەوەیان بە ئامانجەکانیان پیشان دەدات. دەستی ڕاست بەرەو سەرەوە نزیکبوونەوە لە ئامانجەکان پیشان دەدات و پێچەوانەکەشی دەستی چەپ بەرەو خوارەوە دوورکەوتنەوە لە ئامانجەکان پێشان دەدات.**

بە سرنجدان بە وێنەی ٣:٤ ئەو بیرۆکەیەمان لا دروست دەبێت کە بەرپرسێکی کارامە و کاریگەر کاتێک خۆی پێشڕەوە، مەودای بە ئامانج گەیشتن کورتتر دەبێتەوە و ئەوەش نیشانەی ئەوەیە پلانی کار و پرۆژەکان بەباشی دەڕۆنە پێش.

### پێنج شێوازی بەرپرسی لە ناو بەڕێوەبەرایەتییەکی گۆڕانخوازدا

هەر بەرپرسێک لایەنی چاک و خراپی خۆی هەیە، بەڵام من لێرەدا تەنیا ئاماژە بەو چەند خاڵە دەکەم کە زۆر زەق و بەرچاون و کاریگەرییان هەیە لەسەر بە ئامانج نەگەیشتن یان سەرنەکەوتن لە کارەکاندا.

١. بەرپرسێکی ناکارامە: بەرپرسێکی ناکارامە وەک شتێکی ژەنگ لێدراوە و بۆ هیچ کارێک دەستپێشخەر نییە.
ئەندامانی لایەنگر وەک مسگەری مەنجەڵ سپیکەرەوە هەر دەبێ هەڵە و کارە ناجوانەکانی بەرپرسەکە پاک کەنەوە، ناچالاک و دوورەپەرێزە و هەردەم دەبێ ئەندامان یان کاربەدەستان دەستپێشخەر بن بۆ دەستپێکردن و بەجێگەیاندنی ئەرکەکان.


٢. بەرپرسێکی ناچالاک:
کاتێک بەرپرسی ڕێکخراوێک ناچالاک بوو، مرۆڤ لە ناو ڕێکخراوەکەدا کەمتر هەست بە بوونی دەکات. لەبەر ئەوەی بەرپرسێکە کە تەنیا کاتێک کێشە و ناکۆکی لە نێوان دوو یا چەند کەس لە ئەندامان یا کاربەدەستاندا هەبوو وەدەنگ دێت و دەستپێشخەری دەکات، ئەویش ئەگەر ئەو کێشەیە یان ناکۆکییە بە شێوەیەک لە شێوەکان پێی ئەویش بگرێتەوە.

٣. بەرپرسێکی چالاک:
بەرپرسێکی چالاک کەسێکی بە توانا و زیرەکە، هەردەم چاودێری ئەندامان و کاربەدەستەکانی دەکات و ئاگای لە هەستی مار و مێروویە لە ناو ڕێکخراوەکەدا. لەگەڵ سەرهەڵدانی چووکەترین ناکۆکی دەستپێشخەر و بە زووترین کات کۆتایی بە ناکۆکییەکە دێنێت.

٤. بەرپرسێکی کارامە و بەتوانا:
بەرپرسێکی کارامە و بەتوانا کەسێکی زیرەک، وریا و بەهۆش و بەتوانایە لە دانان و دیاریکردنی ئامانج و ڕێکخستنی گروپەکە و کارەکاندا.
هەڵسوکەوتی باش و توانای ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوونی هەیە. توانایی دابەشکردنی ڕۆڵی هەیە. گوێڕاگرە و لە پێوەندی گرتندا زیرەکە.
دەتوانێ ڕۆڵێکی زۆر ئەرێنی و باشی هەبێت، بۆ پێکهێنانی کەشوهەوایەکی سالم یا کولتوورێک کە ئەندامان ڕاشکاوانە بتوانن باسی ئەو بابەتانە بکەن کە هەموویان لە سەری کۆک نین یان بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە. پێکهێنانی کولتورێک کە ئەندامان بە پشوودرێژی و ڕێزەوە گوێڕاگری بۆچوونە جیاوازەکانن.
کولتورێک کە ئەندامانی گروپ بەبێ شیکردنەوەی بارودۆخەکە هەڵوێستی بێجێ نەگرن و بتوانن بەڕوونی و شەفافیەت نارازی بوونی خۆیان دەرببڕن.

٥. بەرپرسێکی گۆڕانخواز:
بەرپرسێکی گۆڕانخواز بەردەوام لە بیری ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریدایە.
هەردەم وەک ڕاهێنەرێکە و بەردەوام ئیدە و بیرۆکەی تازەی پێیە.
کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوە، هەڵوێستگرتن و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی ئەندامان یا کاربەدەستەکانی هەیە.
هاندەر و پشتیوانیانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.
لە گۆڕانکاری ناترسێت و ریسکیشی بۆ دەکات، دایم گوێگرە و ئاوەڵایە بۆ وەرگرتنی پێشنیار و تێبینی تازە.
هەوڵ دەدات بەپێی ئاڵوگۆڕەکان و شان بە شانی پێشکەوتنەکانی دەوروبەر و جیهان بڕواتە پێش.
بەپێی وێنەی ٤:٤ (بڕوانە وێنەی خوارەوە) دەگەینە ئەو ئاکامە کە بەرپرسێکی ناکارا و ناچالاک هۆکارە بۆ دروست بوونی بەڕێوەبەرییەکی ناکارا و ناچالاک کە ئەوەش هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئامانج.


# بڕیارنامەی ئاژانس و وێستگەی ئەتۆمیی ڕێژیم



**ڕەحمان سەلیمی**

ڕۆژی هەینی ٣٠ی جۆزەردان، شورای بڕیاردانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە کۆتایی دانیشتنی ٥ ڕۆژەی خۆی، بڕیارنامەی پێشنیارکراوی ٣ وڵاتی ئورووپایی بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرد.
ڕێژیمی ئێران کە لە لێکەوتە سیاسییەکانی ئەم بڕیارنامەیە زۆر دەترسێت، لە هەڕەشەکردن هەتا پاڕانەوە هەر کارێکی کە لە دەستی هات کردی هەتا پێش لە پەسەندکردنی بگرێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.
ئەم بڕیارنامەیە ڕێژیمی ئێرانی بە هاوکاریی کردنی تەواو لەگەڵ ئاژانسی وزەی ناوکی و بەجێ گەیاندنی داوکارییەکانی ئاژانس، کە یەک لەوان ئیزنی دەستپێڕاگەیشتنی تەواو بە شوێنە شاراوەکانە کە ڕێژیم چالاکی ناوکی تێدا هەیە، ملکەچ دەکات. واتای ڕوون و ئاشکرای ئەم دەستەواژە ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران هەتا ئێستا لەگەڵ ئاژانسی وزەی ناوکی هاوکاریی نەکردووە و لە چەند شوێنی نهێنی و بە دوور لە چاوی ئاژانس، ئۆرانیۆمی پیتاندووە.
ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە دوو ڕاپۆرتدا کە بۆ شورای بڕیاردان خستوویەتە ڕوو، بە شێوەیەکی بێ وێنە پێشێلکردنە بەردەوامەکانی ڕێژیمی ئێران لە بابەت پرۆتۆکۆلە پەیوەست کراوەکانی NPT لە ڕێککەوتنی بەرجام ئاگادار کردووەتەوە. لەم ڕاپۆرتانەدا هەروەها باس لەوە کرابوو کە ڕێژیمی ئێران پرسیارە پەیوەندیدارەکان بە مەوادی ناوکی ڕانەگەیەندراوی وڵام نەداوەتەوە.
هەروەها ئاژانسی وزەی ناوکی چالاکییە ناوکییەکانی ڕێژیمی ئێرانی لە ٣ شوێنی ئێران ئاشکرا کردبوو کە لە لایەن ڕێژیمەوە ڕانەگەیەندرابوو.
ڕێژیمی ئێران ئیزنی نەداوە کە ئەو ئاژانسە دوو شوێنی گوماناویی بە چالاکیی ناوکی بپشکنێت.
سەرەڕای ئەمانە لەم ڕاپۆرتانەدا باس لەوە کرابوو کە ڕێژیمی ئێران ڕادەیەکی زۆری ئۆرانیۆمی پیتێندراوی بەرهەم هێناوە و پاشەکەوتی کردووە. کۆی ئەم داتایانە نیشان دەدەن کە ڕێژیم لە دوای ڕێککەوتنی بەرجام و بە تایبەت لەساڵی ڕابردووە بەخێراییەکی زیاترەوە بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە بۆمبی ناوکی هەوڵی داوە.
«ئولی هاینۆنن» جێگری پێشووی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی و بەرپرسی پێشووی پشکێنەرانی ئاژانس لە ئێران کە لەگەڵ فرتوفێڵەکان و نهێنیکارییەکانی ڕێژیم لە پرۆژە شاراوەکانی ئێراندا ئاشنایەتی هەیە باسی لەوە کردووە کە ڕێژیمی ئێران نە تەنیا سانتریفیوژەکانی پەرە پێداوە، بەڵکوو تۆنێک ئۆرانیۆمی پیتێندراوی بە خەستی ٤.٥ لە سەد بەرهەم هێناوە و ئەگەر هەتا ئاستی ٩٠ ئۆرانیۆم بپیتێنێت بۆ دروستکردنی بۆمبی ناوکی بێ‌نیاز دەبێت.
لە ئێستادا وا دێتە بەرچاو کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە تایبەت ئورووپا لە بارەی پێشێلکردنی بەڵێنییەکانی بەرجام لەلایەن ڕێژیمەوە ڕوانگەیەکی جیاوازی گرتووەتەبەر و مەترسیی دەستپێڕاگەیشتنی ڕێژیمی تێرۆریستی ئێران بە چەکی ناوکی بە جیددی وەرگرتووە و بڕیارنامەی ٣٠ جۆزەردانی شورای بڕیاردان نیشاندەری ڕوانگەی جیاوازی ئورووپا و دوایین هۆشداریی بەو ڕێژیمەیە.
نیشانەی گۆڕانی ڕوانگەی ئورووپاییەکان نیسبەت بە ڕێژیمی ئێران سەرەڕای ئەو بڕیارنامەیەی کە بە شورای بڕیاردانیان پێشنیار کردبوو، بەیانییەکەی ٣ وڵاتی ئورووپایی دوای بڕیاری شورای بڕیاردانە (حوکام) . لەو بەیانییەدا سەرەڕای جەختکردن لەسەر ڕاگرتنی چالاکیی ناوکی ڕێژیم، بۆ متمانەکردن لەوەیکە ڕێژیمی ئێران چەکی ناوکی بەرهەم نەهێنیت هاتووە: ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆ چەکوچۆڵییەکانی سەر ئێران لە مانگی ئۆکتۆبری داهاتوو کاریگەری لە سەر ئەمنیەت و سەقامگیریی ناوچەکە دادەنێت؛ ئێمە داواکارین کە گەمارۆکانی یەکێتی ئورووپا لە سەر چەکە غەیرە ناوکییەکان و تێکنۆلۆژی مووشەکیی هەتا ساڵی ٢٠٢٣ درێژ بکرێتەوە.
ئەم هەڵوێستە کە لەگەڵ هەڵوێستی ئامریکا پێکەوە گونجاوە، نیشانەی ئەوەیە کە کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی دژی ڕێژیمی ئێران شکڵ دەگرێت.
بێ گومان لەم بارەوە بڕیارێکی عاقڵانە لە ڕێژیمێکی سەرەڕۆی وەکوو ئێران چاوەڕوان ناکرێت. عاقڵانەترین بڕیار کە لە قازانجی خەڵکدا بێت دەسبەرداربوون لە چەکی ناوکی بە تەواوەتی و کرانەوەی وڵات و دانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکە کە ئەوەش بە مانای ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە تا ئێستا هیچ بڕیارێکی عاقڵانەی نەداوە کە ئەمەیان دووهەمیان بێت.
تەنیا بڕیارێکی عاقڵانەی بە قازانجی ڕێژیم وەگەرخستنی هەموو چەرخەکان و هەوڵەکانن بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکییە. بە بڕوای کارناسانی سیاسی لەم سەروبەندەدا ئەمە تەنیا زامنی مانەوەی ڕێژیمە و تەنیا ڕێگایەکیشە کە وڵاتانی زلهێز حیسابی زیاتر بۆ ڕێژیمی ئیسلامی بکەن.
هەربۆیە ڕێژیم هاوکات لە هەوڵدایە کە کارتە گوشارەکانی زیاتر بکات. مووشکی دوورهاوێژی هەڵگری کڵاوەی ناوکی هەنگاوی جیددین کە ڕێژیم خەریکە خۆی بۆ ئامادە دەکات. درێژەدان بە دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەش لە سیاسەتی سەرەکیی ئەم ڕێژیمە دەمێنێتەوە کە لەسەر مێزی وتووێژدا کارتی زیاتر بخاتە ڕوو.
بەم پێیە ڕێژیم دەیهەوێت بە جیهان پیشان بدات کە ئەگەر قەرار بێت ئێران بڕووخێت و بسووتێت، ئەوە دەبێ گشت ناوچەکە لەگەڵ خۆی بخاتە نێو ئاگر و شەڕەوە و دەیهەوێت ئەم پەیامە بگەیەنێت کە لەوەها دۆخێکدا دۆڕاوی سەرەکی جیا لە ڕێژیم، وڵاتانی ناوچە و زلهێزیش دەبن کە لە ناوچەکە بەرژەوەندییان هەیە.

# «کۆماری ئیسلامی لەنێوان نەمان و خۆبەدەستەوەداندا»




**مەلا عەلی سیڵاو**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی ٤١ ساڵی ڕابردوودا لە وڵاتێکی پڕ پیت وبەرەکەتی وەک ئێران نەک لەبواری ئابووری، سیاسی، کلتووری و ... گەشەی نەکردووە و پەرەی نەستاندووە بەڵکوو چەندین هەنگاو بەرەودوا گەڕاوەتەوە و ئێرانێکی وێران و داڕماو وەک بەندیخانەیەک بۆ دانیشتووانی هێشتۆتەوە.
دیارە زۆرێک لە شارەزایانی بواری سیاسەت وئابووری لە ئاستی جیهانی و ئێراندا بە پشت بەستن بە فاکتەری ویلایەتی ڕەهای فەقیە لەو بڕوایەدان کە هۆی سەرەکی لە شکستهێنانی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی حاکم بەسەر ئێراندا بۆ ئەو سیستمە دەگەڕێتەوە کە ڕێگە نادات، وڵات ڕێرەوی ئاسایی پەیوەندییە دیپلۆماسی و بازرگانییەکانی خۆی لە ئاستی دەرەکی و نێوخۆییدا بەهێز بکات کە بتوانێ هەم پێداویستییەکانی ژیان وهەم ئازادی بۆ دانیشتووانی دابین بکات.
لەگەڵ ئەوە کۆمەڵێک شرۆڤەکاری سیاسی پێیانوایە بوونی هێندێک لایەنی جۆراوجۆر لەنێو دەسەڵاتدا وەک ئیسلاحتەڵەب و ڕیفۆرمخواز دەتوانن کاریگەر بن لە سەر دێموکراتیزەکردنی ئێران؛ هەروەها دەڵێن ئەم لایەنانە هەڵقوڵاوی جەماوەری ناڕازین لە ئێراندا.
لێرەدا دەمهەوێ ئاماژە بەخاڵێکی گرینگ بکەم؛ زۆر جار دەگوترێ سیستم ناتوانێ دیکتاتۆری بوونیات بنێت بەڵکوو دیکتاتۆرەکانن سیستمی جۆراوجۆر دروست دەکەن؛ من لەو باوەڕەدام هەر سیستمێک کە بونیات دەنرێ چ سیستمێکی دێمکراتیکی فرەڕەهەند بێ چ سیستمێکی ئایینی بێ یان سیکتاریست ودیکتاتۆری بێ بە یاسا ڕێک دەخرێ و یاسامەند دەکرێ. جا ئەگەر یاسایەکی دێموکراتیک بێت نەتەنیا دیکتاتۆر دروست نابێ بەڵکوو پێش بە سازبوونی دیکتاتۆری دەگیرێ، بەڵام ئەگەر یاساکە نادێمۆکراتیک بێ هەم سیستم نادێموکراتیکە هەم دیکتاتۆریش خۆبەخۆ دروست دەبێ.
لەم سۆنگەوە هەر جۆرە نادادپەروەرییەک کە دێتە ئاراوە بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیکتاتۆرییە کە جاری وایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە ئایین کەڵک وەردەگیرێ بۆ دیکتاتۆرییەتێک.
بۆیە بوونی هێندێک لایەن و هاتنە ئارای بیری جیاواز کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا لە سیاسەتی ریاکارانەی ئاخوندەکانە بۆ چەواشەکاری و بەلاڕێدا بردنی ڕای گشتی کۆمەڵگا و هەروەها بۆ کپ کردنی دەنگی ناڕازییەکانی ئێرانە.
دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ مانەوەی خۆیان، ویلایەتی فەقیهیان بوونیات نا و بۆ پاراستن و مانەوەی خۆیان لەدەسەڵاتدا ئەو سیستەمەیان یاسامەند کرد بۆنموونە کاتێک سەیری یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەیت بەڕوونی دەبینی کە بە پێی دەقەکانی ئەم یاسایە تەنیا ولی فقیهە کە قسەی کۆتایی دەکات.
کۆماری ئیسلامی ئەوەی بەئاشکرا دەڵێ لەکردەوەدا وانییە. ساڵانێکە ململانێ لە گەڵ جیهان بەگشتی و ئامریکا بەتایبەتی دەکات؛ زۆر جار کە زانیان دۆخەکە ئاڵۆزە و بەرەو هێڵی سوور دەڕوات دانیشتن و ساتوسەودای ژێربەژێر ڕێک دەخەن؛ زۆر کاتیش بەبیانووی جۆراوجۆر تەنانەت حازر نین لەگەڵ ترامپ سەرکۆماری ئامریکاش وتووێژ بکەن!
ڕاستی ئەوەیە ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانی ئێرانی بەڵالێدراو بۆ مانەوەی خۆیان و هێشتنەوەی کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی چەقبەستوو لە هیچ فرتوفێڵ و تاکتیکێکی نەشیاو خۆنابوێرن. لەو پێوەندییەدا پەنا بۆ هەموو ئامرازێکی ناڕەوا دەبەن. ئەگەرچی بە لەناوچوونی گشت کۆمەڵگای ئێران وداڕمانی ژێرخانی ئابووریی وڵاتیش تەواو بێت.
لێرەدا بە پرسیارێک درێژە بە باسەکەمان دەدەین: ئایا دەنگهێنانەوەی ترامپ بۆ جاری دووهەم لە بەرژەوەندی ڕێژیمی ئاخوندیدایە ؟
چوارساڵە ڕێژیمی ئێران ڕاستەوخۆ لە دژایەتی ترامپ و کابینەکەی لێدوانی جۆراوجۆر دەدات و ترامپیش هەمیشە بە هەڕەشەی گەمارۆی ئابووری وەڵامی توندی داوەتەوە بەڵام ئەم گەمارۆیانە نەیتوانیوە کۆماری ئیسلامی ئێران بڕووخێنێ چونکە مەبەستی ئامریکاش تا ئێستا ڕووخانی ڕێژیم نەبووە بەڵکوو ئامانجی ئامریکا تەسلیم بوون و سنووردار کردنی ئێرانە لە ناوچەکەدا کە تارادەیەکی زۆریش تێیدا سەرکەوتوو بووە؛ نموونەی بەرچاویش کوشتنی قاسم سلێمانی بوو لە عێراقدا، بۆیە لۆژیک وا حوکم دەکات کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ چیدیکە بەو جۆرە کە دەیهەوێ و قازانجی لێدەکات درێژە بە سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی خۆی بدات، بۆیە لە کۆتاییدا ملکەچی دانیشتن و تەسلیم بوون دەبێ.
با فوکۆس لە سەر کارنامەی ٤١ ساڵەی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە لە بەرانبەر وڵاتانی زلهێز بەگشتی و ئامریکا بەتایبەتی بکەین، ڕوون و ئاشکرایە ئەو سیاسەتەی ڕێژیم لە ناوچەدا بە قازانج و بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانی زلهێزەکان بەگشتی و ڕۆژئاوا بەتایبەتی تەواو بووە، هەرچەند جاروبار لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەهۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و لە سێدارەدانی بەندییە سیاسییەکان و بێڕێزی بە ئیتنیک و نەتەوەکانی ئێران گوشار دەخرێتە سەر ڕێژیمی ئێران بەڵام دەکرێت بڵێین ئەم جۆرە سیناریۆ و تەمسیلانە بۆ دوو مەبەستی سەرەکییە: یەکەم وەرگرتنی ئیمتیازگەلی دیکە لە کۆماری ئیسلامی و دووهەم بۆ ڕاکێشانی بیروڕای گشتی کۆمەڵگای جیهانی و ئێرانە، ئەگینا بۆ جارێکیش هۆشدارییەکی جیدییان بە ڕێژیمی ئێران نەداوە.
بە لێوردبوونەوە و تێڕوانین لەو باسەی سەرەوە بەو ئاکەمە دەگەین کە کۆماری ئیسلامی کات دەکوژێ و هەموو هەوڵی ئەوەیە کە خۆی ڕاگرێ هەتا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دەکرێ.
ئەو کات لە دوو گریمان بەدەر نییە: یەکەم ئەگەر ترامپ دەنگی نەهێنایەوە کۆماری ئیسلامی ئامادە دەبێ لەگەڵ کۆشکی سپی دابنیشێ و لەوانەیە ئیمتیازی زیاتریش بدا. چۆنکە ئەو حازر نەبوو لەگەڵ ترامپ بکەوێتە دانوستانەوە ئێستا ئیدی کەسێکی دیکە سەرۆکی ئەم وڵاتەیە.
دووهەم ئەگەر ترامپ دەنگی هێنایەوە دیسان ڕێژیم ناچار بە دانیشتنە بەڵام ئەوکات بە فتوایەکی وەلی فەقیە کە بەرژەوەندی ئیسلام لە مەترسیدایە ئامادەیە بە شەرمەزارییەوە بچێتە سەر مێزی وتووێژەوە و داواکارییەکانی ئامریکا قەبوول بکات؛ کەواتە لەنێوان نەمان وتەسلیم بووندا تەسلیم بوون هەڵدەبژێرێ و جارێکی دیکە مێژوو دووپات دەبێتەوە و جامی ژار فڕ دەکرێ.

## سدیق دەرویشی:

# کوردستانی ڕۆژهەڵات قووڵایی ستراتیژیی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامییە، هەر بۆیە بەهێزبوونی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە بە هەڕەشەیەکی ترسناکی ئەمنییەتی دەژمێردرێ




**دیمانە: ڕەحمان سەلیمی**

تۆپخانەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران لە ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی جۆزەردان، بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ بنکە و بارەگای پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاخەکانی قەندیل و سنووری ناوچەکانی حاجی ئۆمەران، چۆمان و سیدەکان دایە بەر ئاوری تۆپخانەی قورس و کاتیۆشاباران. هاوکات تورکیە بە هێرشی هەوایی و ڕەوانەکردنی هێزی زەوینی بە بیانووی بەرەنگاریی لەگەڵ پ ک ک سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقیان بەزاندووە. بەم هۆیەوە زیانێکی زۆر بە هاونیشتمانیانی ئەم ناوچەیە گەیشتووە وماڵەکانیان وێران و خەڵکەکەی ئاوارە بوون و ژینگەی ناوچەکەش خەساری بەرچاوی وێکەوتووە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەم هێرشانە دوای کۆبوونەوەی هاوبەشی وەزیرانی دەرەوەی ئێران و تورکیە لە ئانکارا دەستی پێکرد. لە وتووێژێکدا لەگەڵ بەڕێز «سدیق دەرویشی» جێگری بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەم بابەتەمان خستووەتە بەرباس و سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**ئامانجی ڕێژیمی ئێران لە تۆپبارانکردنی شاخەکانی کوردستان چییە و چ دەسکەوتێکی بۆ ڕێژیم دەبێت؟**

لە کوردستاندا جووڵانەوەی شوناسخوازی-نەتەوەیی مێژوویەکی دوورودرێژی بڕیوە، قۆناغ بە قۆناغ، هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییە جۆراوجۆرەکانی جیهان و ناوچە نوێ بووتەوە و بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، ڕێژیمە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان بە قەڵاچۆکردن، زەبروزەنگ و بە لەپێشگرتنی سیاسەت و پرۆژەی ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەندیانەوە نەیانتوانیوە پێش بە ڕەوتی بەرەوپێشچوون و بەهێزبوونی ئەو بزاڤە ڕزگارییخوازانە بگرن سرووشتی دیکتاتۆرییانە و میلیتاریستیانەی ڕێژیمەکانی پێشوو و تۆتالیتاریستیانەی ڕێژیمی پاسیوی خاوەن دەسەڵاتی ئێستای ئێران لە لایەک و لەلایەکی دیکەوە حەزی داگیرکاری و تەماحکردن لە خاک و سرووشت و شارستانییەتی کوردستان دوو فاکتەری سەرەکین لەبەردەم چارەسەریی سیاسییانە و ئاشتیخوازییانەی پرسی نەتەوەیی و شوناسخوازی خەڵکی کوردستان، هەربۆیە توندوتیژیی و ڕادیکالیزم و عەقلانیەتی چەقبەستوو، سرووشتی زگماکیانەی ئەو ڕێژیمانە بە تایبەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. تۆپبارانکردنی شاخ و کێو و پێدەشتەکانی کوردستان یەکێک لە ڕێکارەکانی سیاسەتی ڕادیکالانە و توندوتیژیانەی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵکی کوردستانە کە بەمەبەستی ژێنۆسایدی سەوزایی و کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی کوردستان و خەسارگەیاندن بە توانایی (بنیە) ئابووریی کوردستان بەڕێوە دەچێت. بەم چەشنە هەوڵ دەدات لەلایەکەوە تۆڵە لە خەڵکی خەباتکار و خۆڕاگری کوردستان بکاتەوە و لەلایەکی دیکەوە دەیهەوێ ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ بەرخۆدان و خەبات لە پێناو ڕزگاریی نیشتمان لە دەستی داگیرکەران، لە بار بەرێ یان لانیکەم لاوازی بکات. سووتانی مووچە و مەزرا و بەروبومی کشتوکاڵی خەڵکی کوردستان و سەقەتکردنی ئاژەڵداریی کوردستان و هەروەها سووتاندنی دارستان و لێڕەوارەکانی کوردستان یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی کۆماری تیرۆریستپەرەوەریی بەناو ئیسلامیی ئێرانە.

**ئایا تۆپبارانی ئەم دواییانە وێڕای ئەوەیکە هێز و چەکوچۆڵێکی زۆری ڕەوانەی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش کردووە، لەگەڵ ساڵانی پێشوو چ جیاوازییەکی هەیە؟**

هاتنە ئارای بیرۆکەی نوێی خەبات و ڕەوتی ڕێنێسانس لە بزاڤی شوناسخوازانە و ڕزگارییخوازانەی خەڵکی کوردستانی خۆرهەڵات لە ژێر ڕۆشنایی چەمک و وێژمانی (دیسکۆرسی)ی «ڕاسان»دا بووە هۆی گۆڕانکاریی لە مێتۆدی خەباتی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتدا. ئەم شێوازە خەباتە کە دەرخەری هێز و توانای سیاسی و تەشکیلاتی و شویندانەریی حیزبی دێموکراتە کە لەلایەن خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستانەوە پێشوازییەکی گەرم و گوڕی لێکرا، هەنووکە خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگای کوردەواری پایەیەکی سەرەکی ئەو خەباتەن. بەگشتی خەباتی شاخ و شار ڕۆحیەیەکی بەهێزیی وەبەر جەستەی جووڵانەوەی ڕۆژهەڵات داوە.

کوردستانی ڕۆژهەڵات قووڵایی ستراتیژیی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامییە، هەر بۆیە بەهێزبوونی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە بە هەڕەشەیەکی ترسناکی ئەمنییەتی دەژمێردرێ. جۆری هەڵسوکەوت و کایە و ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕووی سیاسی و ئەمنیەتییەوە لە ئاست کوردستان و خەڵکەکەیدا، جیاوازییەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە بەڵام لە ڕووی تەکنیک و شێوازەوە دەکرێ بڵێین توندتر و ڕادیکاڵتر بووەتەوە، واتە دەیهەوێ بە شێوەیەکی توندوتیژتر لە جاران بەرەنگاری خەڵکی کوردستان ببێتەوە. هەر بەو هۆیەوە دەبینین کە ڕەوتی میلیتاریزەکردنی کوردستان ڕۆژلەدوای ڕۆژ خێراتر و زۆرتر بەڕێوەدەچێت.

لە ڕووی سەربازیشەوە هێندێک گۆڕانکاریی تاکتیکی و تەکنیکی پێکهێناوە؛ مووشەکباران و کەڵک وەرگرتن لە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و مانۆڕی بەرینی نیزامی لە کوردستاندا و ... لەگەڵ ساڵانی پێشوو نەختێک جیاوازیی دروست کردووە.

بەباوەڕی ئێمە، ڕادیکالیزەبوونی هەڵسوکەوتی ڕێژیم لەگەڵ ئازادیخوازان و بەتایبەت خەڵکی مافویستی کوردستان لە لاوازیی سیاسیی ئەو ڕێژیمەوە سەرچاوە دەگرێت و نیشاندەریی ئەو ڕاستییەیە کە ڕێژیمی ئێران هیچ چەشنە ڕەواییەکی سیاسیی و ئیدیۆلۆژیکی لە ئاستی ئێران و بەتایبەتی کوردستاندا نەماوە.

**-تۆپباران کردنی شاخەکانی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لەگەڵ هێرشی دەوڵەتی تورکیە لە ڕاستای یەک ئامانجدان؟**

داگیرکەرانی کوردستان سەرەڕای جیاوازیان لە ڕووی سیاسی، هزری، باوەڕ، کۆمەڵایەتی و ئەتنیکییەوە و هەروەها هەبوونی چەند کێشەیەکی سیاسی و ژێئۆپۆلیتیکی لە نێوانیاندا لە چەند خاڵێکدا پێک دەگەن:

١. بەهۆی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر داگیرکاری ئەو وڵاتانەدا ڕاوەستاون و لە ڕەوڕەوەی مێژوودا خەباتێکی بێوچانیان کردووە و لە خەباتکردن بۆ ڕزگاری نیشتمانی کوردستان لە دەست داگیرکەران بەردەوامن، ئەو وڵاتانە بە پانتایی جوغرافیای کوردستان بە قووڵایی ستراتیژی ئەمنییەتی و سیاسی خۆیان دەزانن.

٢. لە هەموو بەشەکانی کوردستانی دابەشکراودا بزاڤێکی مافخوازانە و شوناسخوازانەی نەتەوەیی خاوەن یەک ئامانجی ستراتیژی و سەرەکین کە ئەویش ڕزگاریی نیشتمان و گەڕانەوەی سەروەری نەتەوەییە بۆ خەڵکی کوردستان، لە هەمان کاتدا وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بە یەک شێواز بەرەنگاری ئیرادەی خەڵکی کوردستان بوونەتەوە و لە بەرامبەر نەتەوەی کورددا یەکگرتوو، یەکدەنگ و هاوهەڵوێستن.

مێژوو شاهید و گەواهیدەرە کە بەشێکی بەرچاوی مژاری کۆبوونەوە چوارقۆڵی، سێ قۆڵی و دووقۆڵییەکانی ڕێژیمە دژبەرەکانی کوردستان ئەو دەرەتانەی کێشەی کورد و ڕێککەوتن لەسەر حیسابی کورد و بەرەنگاربوونەوەی بووە.

٣. هەموو داگیرکەرانی کوردستان بە ڕادیکاڵترین شێوە وڵامی دەنگی ئازادیخوازی و مافویستانەی نەتەوەی کوردیان داوەتەوە بە ژینۆساید، ئاسیمیلاسیۆنی چەندڕەهەندی، کۆچی زۆرەملێ، گۆڕانکاری دیمۆگرافیا و پێکهاتەی ئەتنیکی کوردستان و تیرۆر و تۆقاندن سیاسەتی هاوتەریبی ئەو وڵاتانە بووە.

. پێم وایە ئەگەر تەنانەت هیچ ڕێککەوتن یان هاوئاهەنگییەکی فەرمیش لە نێوان ئێران و تورکیە سەبارەت بە هێرش و تۆپبارانی خاکی هەرێمی کوردستان لە ئارادا نەبێت، بەڵام ئەو هێرشە هەڵگری ئامانجی سەرەکیی هاوبەشی هەر دوو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستانە کە ئەویش لاوازکردنی جووڵانەوەی کورد و تێکدانی دۆخی ئەمنییەتی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستانە.

**حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە نیسبەت میلیتاریزەکردن و تۆپباران کردنی شاخەکانی کوردستان چۆن دەڕوانن و چ هەڵوێستێکیان هەیە؟**

سیاسەتی میلیتاریزەکردن و تۆپباران کردنی کوردستان لەلایەن حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان، بە ڕێکار و سیاسەتێکی ترسنۆکانە و لەهەمان کاتدا بە کردەوەیەکی دژە مرۆڤانە لە نۆڕمە ئینسانییەکان دەژمێردرێت و ئەو دژکردەوەیە دەبێ بگوازرێتەوە بۆ فازێکی دیکە و کردەی ئەکتیڤ و چالاک، سەرەتا پێویستە لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەی ڕۆژهەڵات کە لە ژێر ناوی «ناوەندی هاوکاری» پێکهاتووە هاودەنگی بنوێنێ و خاوەن یەک هەڵوێست و ئەپشن بێت. ناوەندی هاوکاریی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران دەبێت نوێنەرایەتی تایبەت بە خۆی لە دەرەوەی وڵات هەبێت و لەو کاتانەدا کە خەڵکی کوردستان و خاکی کوردستان ڕووبەڕووی لەو چەشنە هێرشانە دەبنەوە، ئەو نوێنەرایەتییە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و ژینگەپارێزانی وڵاتان بگرێ و ڕوونکردنەوەیان بۆ بکات و داوای هاوکارییان لێ بکات، هەروەها سکاڵانامە بۆ ناوەندە بڕیاربەدەستەکان بنێرێت. دۆخی سیاسی، ئەمنییەتی، ئابووریی کوردستان لەلایەن داگیرکەرانەوە شوێندانەرە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەیکە خەڵکی زۆری کوردستان بەرەو هەندەران کۆچ بکەن، ناوەندی هاوکاری دەتوانێ لەو حەشیمەتە زۆرە کوردەی کە لە وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکادایە وەک پوانێکی پۆزەتیڤ کەڵکی لێوەربگرێت و خۆپیشاندانی هێمنانە ڕێک بخات و ئەمەش بکاتە کارتێکی گوشار بۆ سەر ناوەندەکانی بڕیار بەدەستی ئەو وڵاتانە.

**کردنە ئامانج و دەستدرێژی کردن بۆ سەر هەرێمی کوردستان یا وڵاتێکی دیکە لە یاسای نێودەوڵەتی قەدەغە کراوە،**

**بۆچی ناوەندە نێونەتەوەییەکان یان وڵاتانی دیکە لەهەمبەر ئەم پێشێلکارییانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و تورکیە بێدەنگن؟**

بەپێی یاسا و ڕێسا وپەیماننامە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان، دەستدرێژییەکانی دەوڵەتانی ئێران و تورکیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە پێشێلکردنی سەروەری ئەو وڵاتە دەژمێردرێت؛ هەر بۆیە ڕێگەپێنەدراوە و هیچ کام لە دەوڵەتان بۆیان نییە سەروەری سیاسی وڵاتان پێشێل بکەن، لەو پەیوەندییەدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی هیچ هەڵوێستێکی جیددی و پێداگرانەی نەنواندووە و تەنیا و تەنیا میدیاکان و سۆشیالمیدیاکانی هەرێمی کوردستان ڕووماڵی ئەو ڕووداوانەیان کردووە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بزانێت ئەوە ڕووداوێک نییە بەڵکوو ئەنجامگەلێکی سیاسی، ئەمنییەتی لە پشتە کە دواجار هەموو خەڵکی کوردستان لێی زەرەرمەند دەبێت، بێدەنگی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەروا بەردەوام بێت هەڵگری پەیامێکی مەترسیدارە بۆ خەباتکاران و چالاکوانانی پارچەکانی دیکەی کوردستان.

کاتێک ئەو حکوومەتەی کە سەروەریی لەژێر پێ نراوە و هێرش کراوەتە سەری بێدەنگە، ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی دیکەش خۆیان تێهەڵناقورتێنن، لەلایەکی دیکەوە وڵاتانی دیکە و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی بڕیاردەر سەرقاڵی کێشەی ئەتۆمی و بەرنامە مووشەکییەکان و چەکە کۆمەڵکوژییەکانی ئێرانن، خەریکن بەرەیەکی نێودەوڵەتی بە دژی دەستدرێژی و سیاسەتە ناپەسەندەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێک دەخەن.

**حکوومەتی عێراقی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانن یا چیان لەدەست دێت تا ڕووبەڕووی ئەم پێشێلکارییانەی سپای تێرۆریستیی پاسدارانی ئێران ببنەوە؟**

سەرەتا پێویستە ئیرادەیەکی بەهێز لە بەغدا و هەولێر بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژییەکانی سپای تێرۆریستیی پاسداران بەدی بکرێت یا هەبێت، ئەوجار دەتوانن بە پشتبەستن بە ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتیی و نێونەتەوەییەکان بە تۆمارکردنی سکاڵانامە لە شورای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێش بە پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی بگرن.

سپای تێرۆریستیی پاسداران بە هێزێکی تێرۆریستی و دالدەدەری تێرۆریزم لە ناوچە و تەنانەت جیهانیش ناسراوە، باڵی کاروباری دەرەوەی سپای تێرۆریستیی کە بە ناو قودس ناسراوە، بەهۆی دەستوەردان لە کاروباری وڵاتاندا بە سەرچاوەی ئاژاوەی نێو وڵاتانی ناوچەکە ناسراوە.


هەر بەم هۆیەوە کۆمەڵگای بەشێک لەو وڵاتانە و یەکێک لەوان کۆمەڵگای عێراق، خوازیاری کۆتاییهاتن بە دەستێوەردانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەن، ئەمەش دەکرێت خاڵێکی بەهێز بێت بۆ هەڵوێست دەربڕین و بڕیاری سیاسی هەولێر و بەغدا.

کاربەدەستانی بەغدا دەبێت بزانن کە سەقامگیری سیاسی وڵاتەکەیان و بەرەوپێشچوونی ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە عێراقدا بووەتە چقڵی چاوی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و سپای تیرۆریستیی پاسداران، هەروەها دەسەڵاتدارانی هەولێر باش دەزانن کە ڕێژیمی ئێران و سپای تێرۆریستیی پاسداران دوژمنی سوێندخواردووی هەموو کوردێکن و چاوی بینینی حکوومەتی باشووری کوردستانیان نییە.



# عەتا نەهایی، نووسەر و وەرگێڕی ناوداری کورد

## ژیاننامە و بەرهەمەکان



مامۆستا عەتا نەهایی نووسەر و وەرگێڕی کورد، ساڵی ۱۳۳۹ی هەتاوی لەدایک بووە. لە ساڵی ۲۰۰۵دا خەڵاتی «دەزگای ئاراس»ی بۆ ئەدەبی کوردی لە سلێمانی و لە ساڵی ۲۰۰۸دا خەڵاتی «ئەحمەد هەردی»ی بۆ چێژ و سەلیقەی جوانینووسین وەرگرتووە. هەروەها شەوی یەڵدای ۱۳۹٦ی هەتاوی، لەلایەن ناوەندی فەرهەنگی- هونەریی ڤەژینی مەریوانەوە، خەڵاتی بەرووی زێڕین بە مامۆستا عەتا بەخشرا. ئەو ئەمڕۆ لە دیارترین نووسەران و ڕۆماننوسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و چوار پارچەی کوردستانە. مامۆستا «عەتا نەهایی» لە مێژووی چیرۆکنووسیی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا خاڵی وەرچەرخانە؛ ئەو بە نووسینی کومەڵە چیرۆکی «زریکە» و دواتر «تەنگانە»، شێوەیەکی نوێی لە چیرۆکنووسیی ئەو سەردەمانەی ڕۆژهەڵات ناساند و هەوڵی دا لە شێوە گێڕانەوەی ساڵانی پێش خۆی دەرباز بێت.

### کورتەیەک لە ژیاننامەی مامۆستا «عەتا نەهایی» لە زاری خۆیەوە:

وەک دایکم دەیوت لە شەوێکی جەژنی قوربانی ساڵی ۱۳۳۹ی کۆچی (۱۹٦۰ی زایینی) لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتوومەتە دنیاوە، لە شەوێکی ساردی پاییزی یان زستانی، نازانم. گوایە باوکم لە خۆشییان گوێزەبانی بەشیوەتەوە. دایە گەورەم ئەو شەوە و چەند شەوی لەوە دواش بە ژوور سەرمەوە دانیشتووە و دۆعای خوێندووە. بۆ ئەوە کە منیش وەک دوو برا و ڕەنگە دوو خوشکی دیکەی بەر لە خۆم نەمرم، ناویان ناوم عەتائوڵڵا، واتە دیاریی خودا. دڵخۆش بوون کە خودا دیارییەک بە کەسێک بدات لێی وەرنا گرێتەوە...

شەش ساڵان بووم کە ڕۆژێک باوکم دەستی گرتم و لە کاتێکدا کەڵەبابێکی بن باڵ دابوو، بۆ شوێنێکی بردم کە ناسنامە بە منداڵان دەدەن. کابرایەکی باریکەلەی ڕووخۆش ناسنامەی دامێ و وەک هاووڵاتییەک وەریگرتم، بەڵام کەڵەبابە دیارییەکەی بە خۆم بەخشییەوە. چەند ڕۆژ دوای ئەوە بوو کە ناردمیان بۆ قوتابخانە. سەرەتایی و ناوەندی و دوو ساڵ دواناوەندیشم لە بانە خوێند، پاشان چووم بۆ پەیمانگەی مامۆستایانی (دانشسەرای موقەدەماتی) شاری وەرامینی نزیک تاران. پاش دوو ساڵ پەیمانگەشم لەو شارە تەواو کرد. لە هەموو ماوەی خوێندندا قوتابییەکی زیرەک و باش بووم...

پاش تەواوکردنی پەیمانگە لە ساڵی ۱۳۵۷ کە ساڵی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران بوو، وەک مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی لە گوندێکی شاری بانە دامەزرام بەڵام پاش سێ ساڵ بۆ هەمیشە لەسەر پیشەکەم دەرکرام.

لە منداڵییەوە تەنیا دڵخۆشیم خوێندنەوە و نووسین بووە. سەرەتا بە شێعر دەستم پێکردووە. لە تەمەنی شانزە ساڵییەوە شێعرم بە زمانی کوردی نوسیوە. لە تەمەنی حەڤدە ساڵی لە پەیمانگە یەکەم چیرۆکی بڵیندم نوسیوە و بەو هۆیەوە لەلایەن بەرپرسانی پەیمانگەوە تەمێ کراوم. لە پاش شۆڕشی ساڵی پەنجا و حەوت بە جیددی دەستم بە نووسین و بڵاوکردنەوە لە گۆڤارە کوردییەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووە و یەکەم کۆمەڵە چیرۆکم، وەک یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی کوردی کە لە پاش شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاو بوویێتەوە، لە ساڵی ۱۳۷۳ی هەتاوی چاپ و بڵاو کردووەتەوە. لەوەدوا ئیتر ئەدەب و بەتایبەت ئەدەبی داستانی بووەتە سەرەکیترین داڵغەی ژیانم.

لە ماوەی ژیانی ئەدەبیمدا تا ئێستا سێ کۆمەڵە چیرۆک و سێ ڕۆمان و دەیان گوتاری ئەدەبی و تیۆریکم بڵاو کردووەتەوە. هەروەها ئانتۆلۆژییەکی چیرۆکی هاوچەرخی فارسی و شەش ڕۆمانی باشترین ڕۆماننووسەکانی دنیام کردووە بە کوردی و لەسەریانم نوسیوە. بە زمانی فارسیش جگە لە چەند وتار و گفتوگۆی ئەدەبی و چیرۆک کە لە گۆڤارە فارسییەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە، لەسەر داوای دەزگای میراتی فەرهەنگی ئێران لە تاران کتێبێکم لەسەر ئەدەبی داستانی کۆنی کوردی بە ناوی «شیکاریی بنەمایی بەیتی عاشقانەی کوردی» نوسیوە. لە زۆربەی کۆڕ و کۆنگرەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداریم کردووە. لە زۆر کۆڕ و فێستیڤاڵی ئەدەبی لە باشووری کوردستان (سلێمانی و هەولێر)، باکووری کوردستان (ئامەد)، بەشداریم کردووە و وتارم خوێندووەتەوە. لە ساڵی ۱۹۸٤ی زایینی لەسەر بانگهێشتی زانکۆی ئۆپسالای وڵاتی سوئید سەفەرێکی مانگ و نیوەم بۆ ئەو وڵاتە کردووە و لەو زانکۆیە و لە شاری ستۆکهۆڵم لەسەر ئەدەبی کوردی گوتارم پێشکەش کردووە. لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان زۆر کۆڕی تایبەتم بۆ گیراوە.

### ئەوەی مامۆستا «عەتا نەهایی» تا ئێستا وەک کتێب لە ئێران و کوردستان وەک «نووسین» بڵاوی کردوونەتەوە، بریتین لە:

١- زریکە (کۆمەڵە چیرۆک) / بڵاوکراوەی ناجی / بانە ۱۳۷۲
۲- تەنگانە (کۆمەڵە چیرۆک) / لەسەر ئەرکی نووسەر/ تەورێز ۱۳۷٤
۳- گوڵی شۆڕان (ڕۆمان) / بڵاوکراوەی محەممەدی / سەقز ۱۳۷۷
٤- ئەو باڵندە بریندارە کە منم (کۆمەڵە چیرۆک) / دەزگای سەردەم / سلێمانی ۲۰۰٤
٥- باڵندەکانی دەم با (ڕۆمان) / ئەنستیتۆی فەرهەنگی و نەشری ژیار/ تاران ۱۳۸۱
٦- گرەوی بەختی هەڵاڵە (ڕۆمان) / بڵاوکراوەی ڕەنج / سلێمانی ۲۰۰۸
۷- کۆی بەرهەمەکان / ۲ بەرگ (ڕۆمان و چیرۆک) / دەزگای ئاراس / هەولێر ۲۰۰٦
۸- تحلیل ساختاری منضومەهای عاشقانەی کوردی / (بە زمانی فارسی) / ئیجازەی چاپی پێنەدراوە.

### ئەوەی مامۆستا «عەتا نەهایی» تا ئێستا وەک کتێب لە کوردستان وەک «وەرگێران» بڵاوی کردوونەتەوە، بریتین لە:

١- شازادە ئحتجاب (ڕۆمان) / هووشەنگ گوڵشیری / دەزگای سەردەم / سلێمانی ۲۰۰١
۲- جەیمس جۆیس (خوێندنەوە) ج - م- ستوارت / دەزگای سەردەم / سلێمانی ۲۰۰۳
۳- ماڵی ڕووناکان (کۆ چیرۆک) / نووسەرانی ئێرانی / دەزگای ئاراس / هەولێر ۲۰۰٤
٤- بارۆنی سەر دارەکان (ڕۆمان) / ئیتالۆ کالڤینۆ / دەزگای سەردەم / سلێمانی ۲۰۰۷
٥- قەسابخانەی ژمارە ٥ (ڕۆمان) کوورت ڤۆنێ گات / دەزگای سەردەم / سلێمانی ۲۰۰۸
٦- سووکی لەتاقەت بەدەری بوون (ڕۆمان) میلان کۆندێرا / دەزگای سەردەم / سلێمانی ۲۰۰۹

## وشەکان لە دەقی چوار بەرهەمی عەتا نەهایی



خۆر نۆمایەکی شەکەت بوو، بە کاوەخۆ بە قەدپاڵی ئاسماندا دادەگەڕا و لە پەڵە هەورەکان سەرسمی دەدا. بێ ئەوەی سەرەنگڵ بدات، ملی دەکێشا و بە سیلەی چاو لەسەر بانیژەکە و هەموو ئاوایی و بەرایی دەشتەکەی بەر ماڵان و گشت ڕیزە شاخەکەی دەڕوانی. تەنیا دەنگی حیلەی دڵنیایی و شادبوونی بە ژووری پڕ لە نهێنیی ئەودیو شاخەکانی نەدەبیسترا.
لە کۆمەڵەچیرۆکی زریکە؛ عەتا نەهایی

ئەم باڵندە کوێر و سەرلێشێواوانە، ئەم ڕەسمە کۆن و هەڵپڕووکاوانە، ئەم یادە کاڵ و بێڕەنگانە، ئەم ڕۆژە دوور و فەرامۆشکراوانە، ئەم ساتانەی دەم با و گەردەلوول چۆن کۆ دەبنەوە؟ ئەم ڕووداوە قەوماو و نەقەوماوانە چۆن یەک دەگرنەوە؟ ئەم جەستە پارچەپارچەبووانە چۆن دەبنەوە بە یەک جەستە؟ ئەم زەمەنە پرژ و بڵاوانە چۆن دێنەوە سەر هێڵێکی ڕاست؟ ئەم هەموو چیرۆکە فەرامۆشبووانە چۆن وەبیر دێنەوە و چۆن لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا دەنووسرێنەوە...
لە ڕۆمانی باڵندەکانی دەم با؛ عەتا نەهایی

لاس کوڕە گەورەی وسووئاغا دوای پانزە ساڵ و لە ساڵڕۆژی مەرگی خۆیدا گەڕایەوە. لە دەشتی قایبەرد لە کاتێکدا هیچی وای بۆ شار نەمابوو سێبەرەکەی لە پێش خۆیەوە دەکشا و لە لێڵایی سەرەتای شەودا ون دەبوو. لە قەراغ چۆم و لەنێو قۆرغە چنار و بییەکەدا ئەوەندە پەلەی بوو قرەقرِی قرپۆک و خشەخشی گەڵا و لق و پۆپە وشکەڵەکان چێژیان نەدەدایە. بەترسەوە لە بەردەبازەکان پەڕییەوە و هەنگاوەکانی بە باریکەڕێیەک سپارد کە لە پشت ساڵەهاوە بە چاوی هەست دەیبینی. نەیدەزانی ئەو ڕێیە لە بەر قەسابخانەیەکی تازەسازەوە ڕەت دەبێت.
لە کۆمەڵە چیرۆکی گوڵی شۆڕان؛ عەتا نەهایی

ئەوە چارەنووسی تۆیە هەڵاڵە، کە خەنجەرێک شاخەو شاخ، شارەو شار و وڵاتەو وڵات شوێنت بکەوێ، تا لێرە، لە ستۆکهۆلم، لە گەڕەکی فلەمینسبێرگ، نهۆمی چوارەمی باڵەخانەی ژمارە هەژدە لە سنگت بچەقێ. خەنجەرێکی مشتوو کارەبا کە سەری مشتووەکەی سەرە داڵێکی ئاسنی بێ، بە دەندووک و زاری کراوە و، چاوەکانیشی دوو چاڵی رەش بن. کێ دەزانێ ئەو خەنجەرە لە کێلانی ئێستا ونبوویدا قەفی پشتێنی چەند نەوە لە پیاوانی وڵاتی بەردی پشکنیوە؟
لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە؛ عەتا نەهایی



پاییزی ۹٦ و بەخشینی خەڵاتی بەرووی زێڕین بە مامۆستا عەتا نەهایی

# کورد و ئەدەبیات

## کورد هەتا ئێستا هەر زمان و «ئەدەب» و پێشمەرگە و شاخ پاراستوویانە



«ئەدەب» یان «ئەدەبیات» بریتییە لەو وتانەی کە لە ئاستی وتە ئاساییەکان بەرزترە و خەڵک ئەو وتەگەلە لەنێوان خۆیان ڕادەگرن و ڕایدەگوێزنەوە و لە ئاکامی خوێندن و نووسینیان تووشی گۆڕان دەبن، یان هەست بە خەم و شادی یان زەوق دەکەن. لە باوەڕی گشتیدا، ئەدەبیاتی نەتەوەیەک، بۆ نموونە کۆمەڵە دەقگەلێکن کە بەرهەمی هەرمان و بەرجەستەی پێشینییەکانی ئەو نەتەوەیە پێک دەهێنن. یەکێک لە دابەشکارییە بەناوبانگەکانی نووسراوە ئەدەبییەکان، دابەشکارییەکی دوانەییە کە بەپێی ئەوە، نووسراوە ئەدەبییەکان دابەش دەکرێنە سەر دوو لقی سەرەکیی «شێعر» و «دەق». ئەم دابەشکارییە سوننەتێکی لەمێژینەی لە ئەدەبیاتی جیهاندا هەیە.

«زمان و ئەدەبیات»، ئەندێشە، ئارمانج، فەرهەنگ و ڕۆحی بوونی کۆمەڵگەیەک پیشان دەدات. مرۆڤەکان بە درێژایی مێژوو لە زمان بۆ گواستنەوەی پەیام، هەست و ئەندێشەکانی خۆی کەڵکی وەرگرتووە و لە ئەدەبیات کە زمانی سەرترە، وەکوو ئامرازێک بۆ گواستنەوەی باشتر و کاریگەرتری ئەندێشەی خۆی کەڵکی وەرگرتووە. ئەدەبیات لە گەشەی زەوق و هەرمان هێشتنەوەی بایەخ و هزرەکان، پشکێکی گەورە و سەرەکیی هەبووە.

مامۆستا «شەریف فەلاح»، نووسەر و وەرگێڕی کورد، لە وڵامی پرسیاری: «ئەدەبیات لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا چ ڕۆڵێک دەگێڕێت؟»، دەڵێت:

بێگومان هەیەتی، من لەو باوەڕەدام مرۆڤایەتی، بێ ئەدەب و خەیاڵ و داهێنان و بەتایبەتی گێڕانەوە، داماڵراوە لە مانا. زۆر نەتەوە و وڵات لەسەر گۆی ئەم زەوییە هەن، کە وەک وڵات و ڕۆڵگێڕان لە پانتایی جیهانی سیاست و ئابووریدا هیچ پێگە و سەنگێکیان نییە، وەلێ بەهۆی ئەدەب و زمانەوە لە لووتکەدان. کەواتە ئەمە خۆی یەک لەو نیشانانەیە کە ئەدەب لە پرۆسە و ڕەوتی نەتەوەسازیدا دەوری گرینگ دەگێڕێت. کورد وەک نەتەوەی بێ دەوڵەت و کیان، ئەگەر بەڕاستی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆر و پاشاخانی دەوڵەمەند و هەراوی ئەدەبی زارەکی نەبایە، ئێستا شوێنەواری لێ نەمابوو. وەلێ ئێمەی کورد سەربازی بێ کیانی، خاوەن ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی کلاسیکین، بەتایبەت شێعر. چەندین نەتەوەی خاوەن دەوڵەت لەم جیهانە هەن یەک لەسەر سێی کورد شاعیر و شێعری کلاسیکی بەپێزیان نییە. بەڵام لە ئەنجامدا ئەوەی برەو بە ئەدەب دەدات و دەبێتە هۆی ناساندنی هەمان دەوڵەت و کیانی سیاسییە کە مخابن کورد لێی بێبەشە.

نووسەر، توێژەر و ڕۆماننووسانی کورد نابێ دابنیشین و چاوەڕێی کاتی دروستبوونی ئەو کیانە سیاسییە بکەن، چونکە دەستەبەربوونی ئەو خەونە لەمێژینە، تەنیا پێوەندیی بە ویستی خۆمانەوە نییە. نووسەری کورد دەبێ لەڕێگەی وەرگێڕانی ئەم ئەدەبەی خۆیەوە بۆ سەر زمانە جیهانییەکان، هەوڵی ئەوە بدات بگاتە ئاستی ئەدەبی جیهان و بناغە و بنیاتی «ئەدەبیاتی کوردی» لە ڕیزی ئەدەبی «ئاڵمانی، فەڕەنسی، ئەمریکی و ڕووسی» دابنێت. لام وایە دەکرێ لە دەروازەی ڕۆمانەوە بگەینە ئەم خەونە، هەرچەند تەمەن و ژمارەی ئەدەبی گێڕانەوەمان کەمە، بەڵام ئەوەی هەیە پتەوە و قورس و قایمە و لە سۆنگەی ناسنامەی نەتەوەییشدا دەخولێتەوە. کورد هەتا ئێستا هەر زمان و ئەدەب و پێشمەرگە و شاخ پاراستوویانە. هەرچەند لە هەیبەتی پێشمەرگە و شاخ کەم نەبۆتەوە، بەڵام دەرفەتەکان ڕەویونەتەوە، ئەگەر بە نووسین و داهێنانی قورس و قایم لە بواری ڕۆمان و سینەما، بەرپرسیارانە و داهێنەرانە هەنگاو هەڵبگرێت، هاوکات دەست بە هەیبەتی شاخی زمانەوە بگرێت، هەم پاراستنی وەک نەتەوە مسۆگەرە و هەمیش دەتوانێ خۆ بخزێنێتە ناو دنیای ئەدەبی جیهانییەوە و جێپێی خۆی قایم بکات بۆ داهاتوو.

KURDISTAN
Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No : 776 ▪ 20 June 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

## ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی جۆزەردانی ساڵی ٩٩ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

### ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### گواستنەوەی هاووڵاتییان بۆ زیندان:



هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سوهەیب ساعیدی» کوڕی «ساڵح» و خەڵکی سنە، پاش دەستبەسەرکردنی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «محەممەد قادری» خەڵکی پیرانشار، پاش تەواوبوونی لێپرسینەوەکەی لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ بۆ زیندانی نەغەدە ڕاگوێزرا

ڕۆژی شەممە ٢٤ی جۆزەردان، «کەماڵ حەسەن ڕەمەزان»، زیندانیی سیاسیی مەحکووم بە ئێعدام لە بەندی زیندانییانی سیاسیی زیندانی ورمێ بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا

ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی جۆزەردان، هاجەر سەعیدی، چالاکی مافی ژنان بۆ بەندی «نسوان»ـی زیندانی ناوەندیی شاری سنە ڕاگوێزرا.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان :

ڕۆژی شەممە ١٧ی جۆزەردان، «بابەک دەبیریان»، چالاکی مەدەنیی کورد، پاش بانگهێشتکردنی بۆ دادگای ئینقلابی شاری کرماشان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی شەممە ١٧ی جۆزەردان، حەیدەر قوربانی، کرێکاری بیناسازی، خەڵکی کامیاران لە ماڵەکەی خۆیدا، لە شاری تاران لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی جۆزەردان، ژنە چالاکێکی بواری ژنان بە ناوی «هاجەر سەعیدی» خەڵکی شاری سنە، لەلایەن مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی جۆزەردان، هێزە ئەمنییەتییەکان چالاکێکی مەزهەبی بە ناوی «جەعفەر ئوسافی» تەمەن ٣٠ ساڵ و خەڵکی شاری بۆکانیان دەسبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگواست.

ڕۆژی دووشەممە ١٩ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «خیرەت پەروازە» تەمەن ٣٠ ساڵ کوڕی ڕەحمان خەڵکی گوندی «نێ»ی مەریوان، پاش بانگهێشتی بۆ ئیتلاعاتی سپای پاسداران دەسبەسەر کرا.

بڕیاری دەسبەسەرکردنی کاتیی دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «نەوید محەممەدی و خالید محەممەدی» خەڵکی شاری پیرانشار، بۆ ماوەی مانگێکی دیکە درێژ کرایەوە.

### بێڕێزی بە هاووڵاتییان:

پێشنوێژی هەینیی شاری «ئەلوەند»ی پارێزگای قەزوێن، پێڕەوانی ئایینی یارسانی بە «گڵاو» وەسف کرد و ئەندامێکی یارسانی شورای ئەو شارەش لە وڵامی وتەکانی پێشنوێژی هەینی ڕایگەیاندوە: «هەر کەس ئەهلی حەق بە گڵاو ناو ببات، خۆی گڵاوە». دژکردەوەی موهەندیس «عەلی قەدەمی» بە وتەکانی پێشنوێژی هەینیی ئەلوەند، بوو بەهۆی دادگاییکردنی ناوبراو و بە لێدانی ٤٠ زەربە قامچی مەحکووم کرا.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

ڕۆژی پێنجشەممە ١٥ی جۆزەردان، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری بانە کرانە ئامانجی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی و لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانە، کۆڵبەرێک بە ناوی «عەلی مەعارفی» خەڵکی گوندی «نەنوڕ»ی ئەو شارە، بریندار کرا.

ڕۆژی شەممە ١٧ی جۆزەردان، «شارام مستەفاپوور» کوڕی «ڕەشید» و خەڵکی گوندی «ماوانە»ی ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت و بەهۆی قورسیی برینەکانییەوە لە نەخۆشخانەی «عارفیان» گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی شەممە ١٧ی جۆزەردان، هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سەردەشت، تەقەیان لە ژمارەیەک لە کۆڵبەران کرد و لە ئاکامدا، کۆڵبەرێک بە ناوی «عومەر مەسلەحەتی فەرد» خەڵکی ئەو شارە گیانی لەدەست دا و دوو کۆڵبەری دیکە بە ناوی «ئومید کوشیار» و «عەبدولڕەحمان شایقی» خەڵکی گوندی «مێرئاوا»ی سەردەشت بریندار بوون.

ڕۆژی شەممە ١٧ی جۆزەردان، کاسبکارێکی کورد بە ناوی «فەرهاد کچانلوو» تەمەن ٢٦ ساڵ و خەڵکی گوندی «شێخ عەسکەر» سەر بە چاڵدێران، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت کوژرا

ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی جۆزەردان، چوار کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی «هاوبیر ئیبراهیمی، عوسمان ساڵحی، ئەرسەلان عەبدوڵلاهی و ئیبراهیم ڕەسووڵی» بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری سەردەشت پێکران.

ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی جۆزەردان، چوار کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی «هاوبیر ئیبراهیمی، عوسمان ساڵحی، ئەرسەلان عەبدوڵلاهی و ئیبراهیم ڕەسووڵی» بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری سەردەشت پێکران.

ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی جۆزەردان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ڕەسووڵ حەسەنزادە» بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری «دۆڵەتوو»ی سەردەشت پێکرا. ئەو کۆڵبەرە کوردە بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانیی شاری سەردەشت کراوە.

هەروەها لە هەمان ڕۆژ، کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی «هادی ڕاستی» خەڵکی بانە، لە سنووری «کانی سێو» لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بریندار کرا و بۆ ناوەندی دەرمانیی بانە ڕاگوێزرا.

### گیان لە دەستدان و برینداربوونی کرێکاران:

دوو کرێکاری کورد بە ناوەکانی «حوسێن ساڵحزادە» خەڵکی سەقز و «ڕەزا شکاری» خەڵکی بۆکان، لە کاتی هەڵکەندنی چاڵاو، بەهۆی گازگرتووییەوە گیانیان لەدەست دا.

هەر لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی هەینی ١٦ی جۆزەردان، کرێکارێکی کورد بە ناوی «عەکاشە ڕەحمەتی» خەڵکی گوندی «کلاش» و دانیشتووی جوانڕۆ، بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی جۆزەردان، کرێکارێکی کورد بە ناوی «یەعقووب سادقی» تەمەن ٣٠ ساڵ خەڵکی گوندی «ڕاویان» لە ناوچەی کوتۆلی شاری خۆی، بەهۆی داتەپینی دیوار لە کاتی کارکردن گیانی لەدەست دا.

کرێکارێکی کورد بە ناوی «عەباس خوزەم»، خەڵکی گوندی «دەل» سەر بە شاری سەولاوا، بەهۆی تەزووی کارەبا لە کاتی کارکردندا، گیانی لەدەست دا..

لەلایەکی دیکەوە، ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی جۆزەردان، کرێکارێکی مەهابادی بە ناوی «ناسر.ک» خەڵکی گوندی «وسوکەند»ی شاری مەهاباد» لە کاتی کارکردندا بەهۆی بەربوونەوە لە بینایەکی سێ نهۆمی گیانی لەدەست دا.

لەلایەکی دیکەوە و لە هەمان ڕۆژدا، کرێکارێکی لاو بە ناوی «س.ئەلف» تەمەن ٢٦ ساڵ، لە کاتی کارکردندا تووشی کارەباگرتوویی بوو و بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی سەردەشت کرابوو.

### بێبەریکردنی زیندانییانی سیاسیی لە مافی مۆرەخەسی:

«تەحسین پیروزی»، زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی بەندەرعەباس، لە مافی مەرەخەسی وەرگرتن بێبەرییە و هەتا ئێستا بەرپرسانی زیندان لەگەڵ داواکاریی مەرەخەسیی ئەو زیندانییە کوردە، ڕەزامەندییان دەرنەبڕیوە.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان:

مێرمنداڵێکی تەمەن ١٥ ساڵ بە ناوی «دانیال حوسێنپوور» کوڕی ئەحمەد دانیشتووی گەڕەکی قەوخی شاری سەقز بەهۆی هەژای و دەسکورتیی بنەماڵەکەی دەستی داوەتە خۆکوژی. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو مێرمنداڵە سەقزییە پاش ڕەوانەکردنی بۆ نەخۆشخانەی لەلایەن بنەماڵەکەی و دانیشتووانی ئەو گەڕەکە، لە نەخۆشخانە گیانی لەدەست دەدات.

لە لایەکی دیکەوە، هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری تیکاب بە ناوی «مەجید» بەهۆی بێکاری و هەژارییەوە، هانای بۆ خۆکوژی برد و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

منداڵێکی کار بە ناوی «ئارمین» تەمەن ١١ ساڵ و خەڵکی گەڕەکی «جەعفەرئاوا»ی کرماشان، بەهۆی شەڕ و دەمەقاڵێ لەگەڵ دایە گەورەی، بە خواردنی حەب هەوڵی خۆکوژیی دا. حەوتوونامەی مەلیکان لەو بارەیەوە لە زاری خوشکی «ئارمین» بڵاوی کردووەتەوە، حەوتووی ڕابردوو بەهۆی شەڕ و دەمەقاڵێی ئارمین لەگەڵ دایە گەورەی، بە مەبەستی خۆکوژی بەستەیەک حەب دەخوات و پاش گەیاندنی بە نەخۆشخانە و هەوڵی پزیشکەکان بۆ ڕزگارکردنی و بێئاکام بوونی هەوڵی پزیشکەکان، ئەو مێرمنداڵە گیانی لەدەست داوە.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی جۆزەردان، ژنێکی لاو بە ناوی «ڕۆژین فەلاحی» کچی «جەعفەر»، تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی مەریوان، بەهۆی کێشەی بنەماڵەییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی جۆزەردان، کچێکی مێرمنداڵ بە ناوی «نگین کەرەمی» خەڵکی سەقز، بەهۆی کێشەی بنەماڵەییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو.

ڕۆژی هەینی ٢٣ی جۆزەردان، «ڕەزا خوجەستە»، زیندانیی سیاسی لە گرتووخانەی ورمێ، لەهەمبەر «گواستنەوەی بۆ بەندی کرێکاران و لەبەرچاونەگرتنی ئەسڵی جیاکردنەوەی تاوانەکان»، نارەزایەتیی دەربڕیوە و هەوڵی خۆکوشتنی داوە.

سەرەتای حەوتووی ڕابردوو، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «زەینەب مەجیدفەر» خەڵکی گوندی «فەلەکاز»ـی ورمێ بەهۆی کێشەی بنەماڵەییەوە خۆی سووتاند و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

هەروەها ژنێکی خەڵکی شاری سنە بە ناوی «ف.ک» بە هۆکاری نادیار لە سەربانی ماڵەکەیانەوە خۆی فڕێ دایە خوارەوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

هەروەها لە سنە لاوێکی تەمەن ٢٢ ساڵ بە هۆکاری نادیار، بە خۆهەڵواسین لە «پردی گرێزە» خۆی کوشت.

لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی هەینی ٣٠ی جۆزەردان، لاوێک بە ناوی «بەهمەن مووسەوی» کوڕی «جەلال»، بە هۆکاری نارۆون کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان:

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فاروق عیبادی» خەڵکی گوندی «دەوسینە»ی شاری بانە، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە، لەلایەن مەئموورانی ئەمنییەتییەوە، ئازار و ئەشکەنجە دراوە.

ژمارەیەک لە چالاکانی میدیایی کورد، بانگهێشتی ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە کراون و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە. ئەو چالاکانە بە تۆمەتی «هاوکاری لەگەڵ کاناڵەکانی دژی نیزام» بانگهێشت کراون و لێپرسینەوەکەیان بۆ ماوەی دوو کاتژمێر درێژەی کێشاوە.

### گیانلەدەستدانی زیندانیان:

زیندانییەک لە زیندانی سەقز بەهۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانی لەدەست دا؛ ڕۆژی شەممە ٢٤ی جۆزەردان، زیندانییەک بە ناوی سەید «کەماڵ حوسێنی» کوڕی سەید «جەلال»، لە زیندانی سەقز، بەهۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانی لەدەست دا. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە زیندانی سەقز، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە، بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: «١٢ کەس لە زیندانییانی دیکە لە زیندانی سەقز، تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون».

### مانگرتنی زیندانی و گیان لە دەسدانی زیندانی لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە:

ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی جۆزەردان، «سوهەیلا حیجاب»، زیندانیی سیاسیی خەڵکی شاری کرماشان، لە بەندی دابڕگەی زیندانی قەرچەکی وەرامین، لەهەمبەر دۆخی نالەباری خۆی و گوشار بۆ سەر بنەماڵەکەی، بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین، مانی لە خواردن گرت.

خەلیل موورادی تەمەن ٣٢ ساڵ، خوێندکاری دەرماننسازیی زانستی پزیشکیی کرماشان، لە گرتنگەی ئیتلاعاتی کرماشان گیانی لەدەست دا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو خوێندکارە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، بیروباوەڕی گرووپە مەزهەبییەکانی هەبووە و لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ٩٧، لە دەرمانسازییەکەیدا، لە شوێنی کارەکەی لە کرماشان، لەلایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کراوە.

### تەقینەوەی مین:



ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «حەیدەر عەلیاری» تەمەن ٣٠ ساڵ، لە بەرزاییەکانی پشت گوندی «سارداو» سەر بە شاری بانە، بەهۆی تەقینەوەی مین کەمئەندام بوو.

ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ستار ئەسغەری» کوڕی عەبدوڵلا خەڵکی گوندی «لکبن» سەر بە بەخشی لاجانی پیرانشار، بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار بوو و چەند قامکی لاقی لەدەست دا.

ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەحمەد ئەعلەم» خەڵکی گوندی «سۆراو»ی شاری بانە، بەهۆی تەقینەوەی مین گیانی لەدەست دا.